سەلاح هەورامی



# کەسایەتی نەتەوەیی کوردی

## توێژینەوە لەبەهاو سیاسەت

هەژار کامەلا
وەریگێڕاوەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی ژمارە (١٥)

سەلاح هەورامی

# کەسایەتی نەتەوەیی کوردی

## توێژینەوە لەبەهاو سیاسەت

هەژار کامەلا
وەریگێڕاوەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

ناوی پەرتووک: کەسایەتی نەتەوەیی کوردی

ناوی نووسەر: سەلاح هەورامی

ناوی وەرگێڕ: هەژار کامەلا

پیت چنین و هونەرکاری: دەزگای زادە

تیراژ: (٥٠٠) دانە

چاپخانە: ئۆفسێتی کریستال

لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی ه[illegible]یدیا ژمارە (١٥)

| ناوەرۆك | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی وەرگێڕ | ٥ |
| پەراوێزەكانی پێشەكی وەرگێر | ١٤ |
| پێشەكی نووسەر... | ١٥ |
| بەشی یەكەم: كەسایەتی | ١٧ |
| بەشی دووەم:بەهاكان | ٢٠ |
| بەشی سێیەم: ڕیشەی بەهاكان و ڕەهەندەكانی لە كوردستان | ٢٠ |
| بەشی چوارەم: ڕواڵەتەكانی ژیانی كەسایەتی كوردیو ڕەهەندی بەهایی ئایینی | ٢٩ |
| بەشی پێنجەم: ڕووداوەكانی ژیانی كۆمەلایەتیو كەلتووریو ڕەهەندی بەهایی | ٣٧ |
| بەشی شەشەم : بنیادی بەهایی-ئاینیو هۆكارە دژ بەیەكەكان لە كەسایەتی كوردی | ٤٥ |
| بەشی حەوتەم: كۆمەڵگەو بنیادی سیاسی لە كەسایەتی كوردی.. | ٥٢ |
| پوختە | ٨٠ |
| سەرچاوەكان | ٨٢ |

### پێشەکی وەرگێڕ

## میتۆدی نووسەر

تاکو ئێستا زۆربەی ئەو نووسین و توێژینەوانەی کەکراون ڕەخنەیان لەلایەنەکانی گۆشەی بنیادی هزریی و کۆمەڵایەتیی و نەریتی کۆمەڵگەی کوردەواری گرتووە، بەڵام ئەو ڕەخنانەی کەئاراستەی بونیادی سەرخان و ئاستە بەرزەکان لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری (هزر، کەلتوور، یاسادانان، ئیدۆلۆژیا، ئەفسانە...) کردووە زۆر لاواز بووە.

لەو توێژینەوەیەدا توێژەر بەدوای هۆیەکانی دواکەوتن و ژێردەستەیی کورد دەگەڕێت و دەچێتە قوڵایی بنیادە ناوخۆییەکانی ئەو کەسایەتی‌یەو ڕەخنەی زانستیانە لەبنیادەکانی هزری دواکەوتن دەگرێت و ئامرازەکانی داگیرکەران ئاشکرا دەکات کەدژی نەتەوەی کورد پەیڕەوییان کردووە کەمەترسیی و زیانەکانی کەمتر نەبووە ئەگەر زیاتریش نەبووبێت لەکوشتن و بڕین و داپڵۆسین،و بەگیانێکی ئەکادیمی مەسەلەکان تاوتۆ دەکات و شیان دەکاتەوە بەو ئامانجەی کەچارەسەرێک بۆ هۆیەکانی دواکەوتن بدۆزێتەوە بەرەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی کەئەگەر دەستنیشانکردنی هۆیەکان ڕاست و دروست نەبێت هەڵبەتە چارەسەرکردنەکەشی بەوشێوەیە دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

ئەگەرچی توێژەر هەڵگری بیروباوەڕی ئاراستەی چەپە، بەڵام نەهاتووە بەتەنها لەڕوانگەی هزری مارکسیزمەوە لایەنە سیاسیی و کۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردیمان بەلێکدانەوەی ئابووری- کۆمەلایەتی شی‌بکاتەوە، بەڵکو وەکو مرۆڤێکی هۆشیارو بەسوودوەرگرتن لەسەرجەم چاوگە مەعریفیەکان بەرچاوکردنی سەرجەم

فاکتەرو هۆکارەکان بابەتەکەی خستۆتە ژێر ڕۆشنایی توێژینەوەی زانستی، بەتایبەتی بابەتی بەهاکان کەگوزارش لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو ستراکتۆری کۆمەڵگە دەکات و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی ترو لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی هەیە ئەگەرچی لەزۆر خاڵیش هاوبەشن

توێژەر وەکو مرۆڤێکی خاوەن کێشەو هەڵگری پەیامی ڕابوون و ڕێنسانس بەووردی دەستنیشانی گەوهەری سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لەئەوروپاو ئەزموونی بێ وێنەی ژاپۆنی کردووە، ئەو ڕاستییەی باشتر لەلای ڕوون و ئاشکرا بووە کە ڕەخساندنی زەمینەی هزرىو هۆشیاری (سەرخان) مەرجی بەرایین بۆ وەدیهێنانی گۆڕانێکی ڕیشەیی لەبنیادی سیاسیو ئابووری، هەر بۆئەو مەبەستەش پەنای بردووە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەکانی سیاسیە شۆڕشگێڕەکانی جیهانی سێیەم کەمەبەستیان وەدیهێنانی ئامانجی ڕزگاریو سەربەخۆیی بووەلە داگیرکەرو کۆلۆنیالیزم بەبێ ڕەچاوکردنی زەمینەی هزرىو هۆشیاری بۆیە دەرئەنجامی کۆشش و هەوڵو تەقەلاکانیان ڕووبەڕووی نووشستیو تێکشکانی گەورە هاتووە. لەوبارەیەوە بیرمەندی لوبنانی (رغيد الصلح) دەڵێت(ناتوانین بڵێین ئەگەر گۆڕانکاری هەل و مەرجی ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەنجام درا ئەوا دیدی مرۆڤ بۆ خۆیو ژیان و جیهان دەگۆڕێ، ئەمە خەیاڵە (وڕێنەیە) دەبێ هەوڵی هزرىو کەلتووری هاوتەریب هەبێت بۆ هەوڵی ئابووریو کۆمەڵایەتی لەوەدیهێنانی هاوتای نێوان هزرو ئەو بەرژەوەندییەی کەنوێنەرایەتی دەکات)(١) هەروەها زانای دەروونناس و فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئەریك فرۆم) لەم بارەیەوە دەڵێ: زۆر لە سیاسیە شۆڕشگێڕەکان واباوەڕدەکەن

هەواڵنامەی کتێب

کەپێویستە یەکەمجار گۆڕانێکی ڕیشەیی لەبنیادی سیاسیی‌و ئابووری بکرێت بۆ ئەوەی وەکو هەنگاوێکی بەدواداهاتوو کەخەریکە پێویست بێ، گۆڕان لەعەقلیەتی مرۆڤ دروست بکات. ئەوان واباوەڕ دەکەن لەگەڵ کۆمەڵگەی تازە دێتە کایەوەو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مرۆڤی نوێ دروست دەبێت، ئەوانە ئازانن کەهەڵبژاردە(elne)ی نوێ کەهاندەری کەسایەتی کۆن دەجوڵێنێ، بەرەو گێڕانەوەی دامەزراندنی مەرجی‌و ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگەی کۆنی دەبات لە میانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیە سیاسیەکان کەشۆڕش دروستی کردووە، لەلایەکی تر هەندێك کەسی‌تر دەڵێن پێویستە یەکەمجار گۆڕانێك لەمۆرکی مرۆڤ دروست بکەین لەهۆش و بەهاو کەسایەتییەکانیان، دواتر ئینجا دەکرێ کۆمەڵگەی مرۆیی ڕاستەوخۆ دروست بکەین، مێژووی توخمی مرۆیی ئەوەی سەلماندووە ئەوانیش هەر هەڵەن، لەوکاتەی ئەو گۆڕانکارییە دەروونی‌و گیانی کاکڵانە سنووردارە لەبازنەی تایبەتی گەمارۆدراوە لەمێرگی گچکە، یابەتەواوەتی بێ کاریگەرییە)( ٢).

کەواتە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە دەبێ زەمینەی هۆشیاری‌و هێزی ئاوێتەی زەمینەی ئابووری‌و کۆمەلایەتی بکەین تاکو بتوانین هەل و مەرجی تازە دروست بکەین و کەسایەتیەکی تازە بێنینە کایەوە.

تونێژەر جەختی لەسەر بەهای ئایینی کردووە وەکو بەهایەکی سەرەکی‌و کاریگەر لەپێکهاتەی بەهاکانی مرۆڤی کورد کەچەق و هەڕەمی بەهاکان پێك دەهێنێت، ئاشکراشە ئایینی ئیسلام کاریگەری‌و پێکهاتەی سەرەکی کەسایەتی رۆژهەلاتی‌و ولاتانی ئیسلام پێك دەهێنێت، لێرەدا بەگونجاوی دەزانین تێبینی شارەزایەکی بێگانە ئاماژە پێبکەین لەمەڕ شوێن و کاریگەری ئاین لە ڕۆژهەلات ئەویش نامەی کۆنسوڵی گشتی فەرەنسا لەسووریا (مسیولیبس) لە ١٩/ئابی/ ١٨٥٦ بۆ جێگری

کۆمسۆلی گشتی لەئەرابلس، مەسیحو بلاتش،تیدا دەڵێ: (لەدیارترین ئەو ڕاستیانەی تێبینی دەکرێت، ئەوەی بیەوێت توێژینەوە لەسەر ئەوولاتانە بکات، ئەو شوێنەیە کەئاین لەدەروونی خەڵکیو ئەو دەسەڵاتەی کەلە ژیانی خەڵکی هەیەتی، جا ئاین لەهەموو کارێك و لەهەموو جێگایەك لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی، کەپاشماوەی لەئاکار(اخلاق)ی گشتیو لەزمان و وێژەو لەسەرجەم دامەزراوە کۆمەلایەتیەکان دەردەکەوێت، پیاوی ڕۆژهەلاتی پابەندی بۆ نیشتمان نیە،ڕۆژهەلاتی نیشتمانی نیە، بەلکو پابەندی بۆ ئاین هەیە کە تێدا لەدایك بووە میللەتی ڕۆژهەلاتی بریتیە لەکۆمەڵە کەسێك کەباوەڕیان بەهەمان ئاین هەیە کەخۆی باوەڕی پێ هەیە، وەهەرکەسێك لەدەرەوەی چفرزی ئاین بێت، بە گوێرەی ئەو پیاوێکی بێگانەیە) (٣)

دەکرێ ئەو دەربڕینەی سەرەوە کەمسیۆ لیبس لەسەردەمی خۆی لەسەر ڕۆژهەلاتی نووسیوە، بلێین کتومت بۆ کورد نووسرابێ کە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ کاریگەری خۆی لەدەست نەداوە، ئەگەرچی جیاوازیەکی کەمی تێکەوتووە لەچاو ڕابردوو ئەوکاتەی ئەو نووسینە نووسراوە

لەڕوانگەی ئەوڕاستیەی سەرەوە توێژەر هاتووە بەهای ئایینی وەکو بەهایەکی سەرەکی لەپێکهاتەی دەروونیو ویژدانیو هزری مرۆڤی کورد وەرگرتووە.

لەمەڕ بەهای ئایینی توێژەر هەمان ئاراستەی گەورە نووسەران و بیرمەندانی عەرەبی پێشکەوتووخوازی گرتووە وەکو:(صادق جلال العظم، حسین مروة، فرج فودة، هادی علوی،ئەدۆنیس، فالح عبدالجبار) لەجیاکردنەوەی نێوان ئاین و هزری ئایینی، ئاشکراشە جیاوازی لەنێوان ئەو دوو چەمکە هەیە:

(ماددیەکان جیاوازی دەکەن لەنێوان دوالیزمی هۆشیاری ئایینی: جەمسەری یەکەم: ئاین وەکو ئاین، دووەم: ئاین وەکو هزرێکی

کۆمەڵایەتی یەکەمیان گەوهەرە، ڕەهاو جێگیرە، دووەمیان ڕەنگەزێکی گۆڕاوە، یەکەمیان گشتییەو دووەمیان تایبەتە )( ٤ )

جیاوازی گەورە لەنێوان ئیسلامی ئایین و نێوان ئیسلامی دەوڵەت (سیاسەت) هەیە، ڕەخنەگرتن لە دووەمیان بەمانای کفرکردن نییە بەیەکەم و دەرچوون لێی، دەبینین لەدووەمیان زۆر دەگوترێت و بەرپەرچی دەدەینەوە هەتاکو لەمەزنترین سەردەمەکانی، بەڵام لەیەکەمیان ڕووبەڕووی ئەوە دەبینەوە تەنها مل کەچ بکەیت لەپیرۆزیی و گەورەیی و باوەڕی تەواو )( ٥ )

توێژەر زۆر بەرشکاوی جەختی لەسەر هەمان ڕاستی کردووەو دەڵێ: (ئەگەر ئێمە لەمیانی ئەو توێژینەوەدا ئایین وەکو بەهایەکی باڵاو جێی تێڕوانین دابنێین کەتاکو ئێستا کەرتە فراوانەکانی گەلی کورد پابەندن پێی، ئێمە مەبەستمان لەئایین وەکو تەقس و دیاردەو یاسا توانابەدەرە سروشتیی و نابەجێییەکانە بۆ ژیربێژی گشتی، و دروستکراوی مەلاو شێخە دواکەوتووەکانە لەڕەوەوەی شارستانی و پێشکەوتن.ئەوەك ئایین وەکو بەهایەکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی.)

هەروەك دەردەکەوێت توێژەر ئایین وەکو بەهایەکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی بەرز دەنرخێنێ کەکاریگەری لەسەر ویژدان و هزری مرۆڤ هەیەو پیرۆزە، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕەخنە لەهزری ئایینی دەگرێت کەدروستکراوی دەستی مرۆڤەو دوورە لەلۆژیك و شارستانی و پێشکەوتن دەسەڵاتداران لەبەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە، لەوکاتەی گەلان وەکو سیاسەت و لەپێناو ناسنامەو سەربەخۆیی خۆیان بەکاریان هێناوە بەپێچەوانە دەبینین لەلای ئێمەی کورد بۆتە ئامرازێکی چەوسێنەری داپڵۆسێنەر لەنامۆکردنی مرۆڤی کوردو پارچەپارچە کردنی وڵاتەکەی و داگیرکردنی کوردستان.

بابەتی کەسایەتی لەسەرچاوەی جیاجیاو میتۆدی جۆراو جۆر مامەڵەکراوە، لەبوارەکانی دەروونی و شیکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵناسی و سۆسیۆبایۆلۆجیکی و ئەنثرۆپۆلۆژیاو پەروەردە بێجگە لەبواری بایەلۆژی و ئاکاری (٦)

لەم بابەتەدا توێژەر ئەو ئاراستەی کەپێیدەگوترێت تێکهەڵکێشی پسپۆڕییە زانستییەکان (inter disciplinary approach) بەباشترین شێوە بەرجەستە کردووە

توێژەر بابەتێکی یەکجار گرنگی وورووژاندووەو خستویەتەڕوو ئەویش کەسایەتی لەژێر ڕۆشنایی بەهاو سیاسەت کەکۆمەڵە پەیوەندی دینامیکی ئاڵۆزو تێکهەڵکێش لەخۆ دەگرێت.

شێوازی نوێی توێژینەوە لەکەسایەتی نەتەوەیی پشت دەبەستێت بەلێکەڕان (استقراء)ی تایبەتمەندییە ناوەندییەکان ئەوانەی بەرجەستەی ئاراستەکانی کەسایەتی نەتەوەیی گشتی دەکەن، کە گوزارش لە واقیعی ژیانی کۆمەڵ دەکات، کەبریتییە لەبەشی بەهاسەرەکی و گەوهەرییەکان لەو کەسایەتییە بەڵام بەها ناسەرەکییەکان (پەراوێزەکان) کە لەوانەیە ناکۆک بێت لەڕووی دووبارە بوونەوەو ڕوودانی لەڕەفتاری کەسانی تر. ئەمە بە بەشێکی ناوەندی لەکەسایەتی نەتەوەیی دانانرێت (٧)

دیارە لێرەدا توێژەر کارتێکردنەکانی دەوروبەری وەرگرتووە کەکاردەکاتە سەرکەسایەتی ئەویش سیستەمی کەلتوورییە کەبەهاو داب و نەریت و عورف ڕەگ داکوتاوە کە کۆمەڵ ڕێک دەخات و تاکەکانی تێیدا دەژێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەتوێژینەوەی کەسایەتی نەتەوەیی کەمەرل دەدات بۆ دەستنیشانکردنی ڕەفتاری کەلتووری لەمیانی پێکهاتەی

دەروونی ئـاوەکی ئاکـەکان بەشـێوازێك شـیکردنەوەی کـەلتووری و دەروونی تێکـەڵ بەبـەها دەکـات و زانسـتی دەروونـی گشـتاڵی و پەروەردەکردنی گچکەکان و زانستی دەروونی فرۆیدی لەچوار چێوەی میتۆدێکـی دەروونـی کـەلتووری ئـاراستە بـەئاماجی ڕوونکردنـەوەی چۆنایەتی کەئاکـەکان کـەلتووری کۆمەڵگـەکانیان لێ بەرجەسـتە دەبێت کەتیدا دەژین(٨)

هەروەها توێژەر حاڵەتێکی زۆر گرنگی ڕەچاو کردووە ئەویش پلەی دەسـەڵاتی خێزانی و هەڵومەرجی ناوچەییەکان و هیتر کەڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێت لەرەفتاری ئاکـەکانی کۆمەڵگە، ئاشکراشە ژێر دەستەیی کورد بەدرێژایی مێژوو(بێجگە لەهەندێ کات و شوێن لەبێت) لەلایەن داگیرکەرانی جۆراوجۆر گەورەترین کارتێکردنی لەسەر ئەو کەسایەتییە کردووە وەکو کەسایەتییەکی لاوازو پاشکۆو نامۆ. هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتیش جەختی لەسەر پاشماوە تێکدەرو ترسناکەکانی ڕژێمی داگیرکەری بەعسی شۆڤینی کردووە کە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی شێواندن و لەناوبردن و تەنانەت لەناوبردنی ماددی ئەو کەسایەتییەی داوە.

توێـژەر تێبینـی بەشـێوەیەکی سـەرەکی وەکـو میتۆدێکـی توێژینەوەکەی وەرگرتووە کەبەگرنگترین ئامراز دەژمێردرێت کە توێژەرە کۆمەڵناسـەکان و سروشـتیەکان لەکۆکردنـەوەی زانیـاری و ڕاسـتیەکان لەبواری کۆمەڵایەتی یان سروشتی، زانیاری دەبەخشێتە توێژەرەکان.

تێبینی وەکو ئامرازێك لەئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری گرنگی کەمترنییـە لەچاوپێکـەوتنی ڕەسمـی و نـارەسمی یـا لێکۆڵینـەوەی دۆخەکان(بار) لەپشکنینی زانیاری و ڕاستیەکان، تێبینی وەکو ئامرازێکی

لێکۆڵینەوە سوودی هەیە کە لەئامرازەکانی تر نییە ئیمەمی سوار
دەدەخشێتە توێژەر کەتێبینی هەل و مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو ناوچەیە بکات کە توێژینەوەی لێدەکرێت و رەفتارو پەیوەندی و ئاوێتە بوونی توێژەرەکان یارمەتی دەدات کە ئاگایان لەچەشنەکان و شێوازەکانی گۆڕەران و کێشە بزێوییەکان هەبێت کەڕووبەڕوویان دەبێتەوە (٩).

لەسەر ئەوەی توێژەر خۆی ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیە چاکالێک باس لەبارەیەکی گشتی و وەکو بەهاکان دەکات هەڵبەتە رۆژانە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە دەژیت و تەنانەت هەڵگری هەندێک لەو بەهایانەیە، چاکارێکی سروشتییە کەتێبینییەکەی (تێبینی بەبەشداریکردن) بەئامرازێکی گرنگ و بنەرەتی لەکۆکردنەوەی زانیاری و راستییەکان لەبواری کۆمەڵایەتی دادەنرێت کەهەر یەکێک لەزانایانی ئەنترۆپۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و زانای کۆمەڵناسی لەتوێژینەوە مەیدانییەکان کە پێی هەڵدەستن پێویستە لەسەریان هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و ماددی ژیاری ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت و بەبەشداریکردن لەگەڵیان لەچالاکی رۆژانەو ئاگادار بوون لەبڕواو هەڵوێست و مەبەست و ئارەزووەکانیان...

## بەکورتی

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی داوە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی عەقڵانی شیتاڵ بکات بە مەبەستی سەر لە نوێ دروستکردنەوەی کەسایەتی کوردی کەسایەتییەکی تایبەت و تەواو خاوەن ناسنامەی نەتەوەیی و گۆڕینی پەیوەندی مرۆڤی کورد لە ڕەهەندی تایبەتی و غەیبی بۆ واقیعی بابەتی و ماددی و عەلمانی کە دروستکراوی مرۆڤەو دوورە لە غەیبیاتییەت و پاشکۆیەتی و داگیرکردن

# پەراوێزو سەرچاوەکانی پێشەکی


١. د. صادق جلال العظيم، نقد الفكر الديني، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٧٠،ص١٠

٢. اريك فروم ، الانسان بين الجوهر والمظهر، ترجمة سعد زهران سلسلة عالم المعرفة، الكويت١٩٨٩،ص١٤٢-١٤٣

٣. عدنان عويد، التبشير بين الاصولية المسيحية وسلطة التغريب النهج (مجلة) عدد ١٨، ربيع ١٩٩٩

٤. فالح عبدالجبار، بنية الوعي الديني والتطور الراسمالي، دراسات اولية، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، الطبعة الاول، ١٩٩٠، ص٥.

٥. د. فرج فودة، قبل السقوط، المنار(مجلة) العدد(٧) السنة الاولى،١٩٨٥.

٦. د. قيس النوري، الحضارة والشخصية، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨١،ص٦.

٧. سەرچاوەی پێشوو.ص٥.

٨. سەرچاوەی پێشوو.ص ١١٣-١١٤.

٩. د. احسان محمد حسن ود. عبدالمنعم الحسني، طرق البحث الاجتماعي، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل ١٩٨٢،ص.

# پێشەکی نووسەر

سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانکارییە مەزنانەی کەڕووبەڕووی کۆمەڵگەی کوردی بۆتەوەو بەدرێژایی سەدەکان و لەهەموو قۆناغە مێژووییە جیاجیاکان و تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، چ لەبواری گۆڕانی شوێنەکی (التغیر المكاني) لەڕووی هەبوونی جێنشینی لەشارەکان، یا لەڕووی گۆڕانی کاتەکی (التغیر الزماني) لەڕووی گۆڕانی ئامرازەکانی بژێوی وبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لەئامێری کشتوکاڵی یائامرازەکانی ڕاگەیاندن بێتراو بیستراو، بەڵام خودی مرۆڤی کورد تارادەیەکی گەورە نەگۆڕاوە

ڕووخسارەکانی واقعی تازەی کوردی لەدەورووبەری شەڕی جیهانی دووەمداو لەمەیانی بڵاوبوونەوەی هەستی نەتەوەییو کۆشش کردن بۆجێگیرکردنی خودی کوردی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیو مێژوویی بەڵام ئەو کۆششانەی دراوە لەپێداویستیو پێویستی کەسایەتی دەرەکی[1] سەرچاوەی گرتووە.

ئەگەر ئێستا لەبەرامبەر ناچوونیەکی هزری کەلتووری نێوان توێژە ڕۆشنبیرە کوردەکان بین لەئاستە جیاجیاکاندا، لەڕووی زاڵ بوونی هزری ئایدیالیزمیو وجودیو چەند ڕەوتێکی پێشکەوتووخوازی، بەڵام ئەوەی

---

[1]- کەسایەتی دەرەکی: یەکەیەکە یاسیستەمێکە وادادەنرێت کەلە دوای خەسڵەتەکانی کەسە هەروەکو لە ڕەفتاری دەردەکەوێت و کەسایەتی دەرەکی هەرگونجاندنێکی دینامیکییە لەگەڵ دەورووبەرو پێکەوە ژیانی واقعی چەقی دەورووبەرە وەرگێڕ

گومانی تێدانیه کەبنیادی بەهایی تەقلیدی سەرجەم تاکەکان لەژێر یەك خیوەت کۆدەکاتەوە.

لەو توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە بخزێین بۆ ئازارە ناوخۆییەکانی خودی کوردی، لەڕوانگەی باوەڕبوونمان بەوەی کەهەر پرۆسەیەکی گۆڕان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی دواکەوتن، دەبێ لەناوەوە بۆ دەرەوە دەست پێبکات.

ئەو توێژینەوەیە لەڕێگای ڕووداوە تایبەتیەکان و گیروگرفتی ڕۆژانەو کێشە هەنووکەییەکانی بژێویو گوزەرانیو مرۆیی گەلاڵە بووە، تێبینیو پێکەوە ژیانی ڕۆژانە ئامرازمان بووە بۆ تێگەیشتن و زاناندنی شێوازی هزریو ڕەفتاری مرۆڤی ئاسایی ئاواتەخوازم کە توانیبێتم بابەتێکی ئێجگار ووردو گرنگ بووروژێنم بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی بایەخ پێی بەتایبەتی ئێمە خەریکی گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردەوارین، بەرەو علمانیەت و پێشکەوتن.

# بەشی

# یەکەم

# کەسایەتی

هەواڵنامەی کتێب

تاكۆ ئێستا كەسایەتی بوارێكی بەپیت لەبایەخی بیرمەندو زاناكان پێك دەهێنێت، وبەردەوام گفتوگۆ گەرمە لەمەڕ ئەو پێكهاتە سەرەكیانەی كەبنیادی كەسایەتی گشتی پێك دەهێنێت و كۆشش كردن بۆ دیاریكردنی چوارچێوەكانی، لەوانەیە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ جۆرەكانی كەسایەتیو جیاوازی بنیادە كۆمەڵایەتیەكان لەكۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گەورە.

ئەوەی ئێمە لە میانی ئەو توێژینەوەیەدا دەربارەی كەسایەتی‌یە بە واتا گشتیەكەی مەبەستمانە، ئەورەهەندە مرۆییەی كەهەڵگری بەهایەو ئاراستەی ڕەفتارو زەینی دەكات لەبەرامبەر دەوروبەری.

لێرەوە كەم عەقڵەكان و ئەوانەی تووشی نەخۆشی عەقلیەتی گرێكوێرە بوونە بەلاوە دەنێین،ئەوانە لەوانەیە بەتاك دابنرێن، بەلام بەكەسایەتی دانانرێن.

لەبەر ئەوەی ئەو توێژینەوەمان بریتییە لە توێژینەوە لەكەسایەتی كوردی لەژێر ڕۆشنایی بنیادی بەهایی(قیمی)باو، وكاری لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتیو سیاسی، لەسەر ئەو بنەمایە ناچینە نێو پێناسە جۆراوجۆرو دژبەیەكەكانی كەسایەتی، تەنها ئەوەی پەیوەست نەبێ بۆ نزیك بوونەوە لەو چەمكە، بۆیە بەچاكمان زانی ئەو پێناسانەی خوارەوە تۆمار بكەین:

(دكتور محمد سعید فرج) دەڵێ: (كەسایەتی پێكهاتەیەكی دەروونی‌یە،و ڕەگەزە كۆمەڵایەتیەكان لەخۆ دەگرێت دەركی پێناكرێت تەنها لەهەڵوەستەكانی ئاوێتە بوون نەبێت لەگەڵ سیستەمی كۆمەڵایەتیو كەلتووری بەشداری دەكات بۆ دیاریكردنی كرداری

مرۆیی) (٢١-١٥٣) (بارسونز) ئاماژه بۆ ئەوه دەكات كە كەسایەتی سیستەمێكی پێشكەوتووە، لەئەنجامی ئاوێتەبوونی كۆمەلایەتی لەگەڵ بابەتە كۆمەڵایەتیەكان گەشە دەكات و لەكاتی پرۆسەی یەكگرتنەوەی بەردەوام لەگەڵ بابەتە كەلتووریەكان و ئەو چەشنە پێوەرانەی كەحوكمی ئاوێتە بوون دەكات لەهەڵوەستە كۆمەلایەتیەكان، (٢١:١٩٦)

بەلام دنكن میشیل (Duncan Mitchell) لەپێناسەكردنی هەمەلایەنەی بۆ كەسایەتی دەڵێ: (كەسایەتی بریتیە لە كۆمەڵە رەگەزو جیاكەرەوەیەكی بایەلۆژیو كۆمەڵایەتی كەرەفتاری تاكێك لەتاكەكانیتر جیادەكاتەوەو ئەو رەگەزو جیاكەرەوانە لەلایەن تاكەوە لەرێگای بۆماوە (وراثة)و دەوروبەری كۆمەلایەتی پەیدا دەكرێت لە میانی قۆناغە پێكهاتەییەكان كەپێدا تێدەپەرێت بەر لەگەڵاڵەبوون و پێگەیشتنی كەسایەتی. (٣٠: ٢٢٧)

كەواتە كەسایەتی بەرهەمی ئەو دەوروبەرەیە كەتێدا لەدایك دەبێت و پەروەردە دەبێت.

تاك راستیەكی بایەلۆژی سروشتیە، بەلام كەسایەتی راستیەكی گیانی پەیدا كراوە (بەدەست هاتووە).

لەوانەیە مرۆڤ كەسایەتی نەبێت (وەكو لەلایەن كەم عەقلەكان یا ئەوانەی پێیان دەگوترێت كەسە راراكان) بەلام لەهەموو بارەكاندا تاك ناتوانرێت تاكێتی لێ بسێنرێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی

## دووەم

# بەهاکان

هەواڵنامەی کتێب

بەهاكان(values) ڕاستی مرۆیین و دەربڕی پێكهاتەی كۆمەلایەتیە.

لەبەر ئەوەی كەسایەتی هەڵگری بەهایەو ڕەفتاریشی بەهاییە بۆیە توێژینەوە لەبەهاكان بەكلیلی كەسایەتیو بنیادی زەینی دادەنرێت بەهاكان ڕوانگەی هزرو ڕەوشت (ئاكار) وبیروباوەڕانە پێك دەهێنێت كەپێوە بەندە.

بەمانایەكیتر ئەو ڕاو هەڵوەستانەیە كەخەڵكی لەكۆمەڵگە دەیگرنە ئەستۆ لە ئاست جیهان و گەردوون لەبەرامبەر هەڵوەستەكانی ژیانی ڕۆژانەو كلیلەكانی چارەسەركردنی كێشەو تەنگژەكانە.

(سامی خرطبیل) لەمەڕ پێناسەی بەهاكان دەڵێ:

(بەهاكان لەخۆڵەوە نەڕواون و نە لەئاسمانیش بەربوونەتەوە،بەڵكو دروستكراوێكی مرۆییە بەدرێژایی مێژوو) (١٠-١١).

بەهاكان پاڵنەرن بۆ پەیوەست بوون بەنەریتە كۆمەلایەتیەكان (عورف) یاساكان، قەدەغەكراوەكان Taboo ،نەریت و تقوس و سیرمۆناكان).

(دكتورة فوزية دياب) لەپێناسەكردنی بەهاكان لەم ڕوانگەیەوە دەڵێ:

(بڕیاری شایستراوە بەگوێرەی پێوەرەكانی كۆمەڵ، جا ئێمە لە بڕیارە هەڵسەنگێراوەكانمان بەسەر شتەكاندا پابەندین بە پێوەرەكانی كۆمەڵو لەكاتی پەروەردەبوونی كۆمەلایەتیمان بەباشی خۆی دەنوێنێ) (١٦-٣٣٦)

بەڵام (دكتور محمد سعيد فرج) دەڵێ:

(بەهاكان ڕەگەزێكی هاوبەشەو دەچێتە نێو پێكهاتەی بنیادی كۆمەڵایەتیو پێكهاتنی بنیادی كەسایەتی، كەواتە كەسایەتی لەگەڵ ئەو

بەهایانە یەکدەگرنەوە کەپەیوەستە بەمانای ژیان لەلای کەسەوە،و دەبێتە پاڵنەر لەدوای ڕەفتارو کارو هزر) (٢١-١٩٦).

لەپێناسەکردنی (دکتور قیس نوری) بۆ بەهاکان دەڵێ:

(بەهاکان گەوهەری شارستانی مرۆیین و پوختەی کەسایەتی مرۆڤایەتین و بەهاکان لوتکەی ئەو بەرزبوونەوەیە کەمرۆڤ لەپێشکەوتنی شارستانی دەیگاتێ، کە جیای دەکاتەوە لەسەرجەم جۆرە زیندووەکانی‌تر کەپێشکەوتنی تەنها لەسەرۆ لایەنە جەستەییەکانەوە بەندە) (١٧-١٥٢) .

ئەگەر ئێمە لە میانی ئەو توێژینەوەیەدا ئایین وەکو بەهایەکی باڵاو جێی تێڕوانین دابنێین و تاکو ئێستا کەرتە فراوانەکانی گەلی کورد پابەندن پێی، ئێمە مەبەستمان لە ئایین وەکو تەقس و دیاردەو یاساو سروش بەدەرە ناسروشتی‌و نابەجێیەکانە بۆ ژێر بێژی گشتی،و دروستکراوی مەلاو شێخە دواکەوتووەکانە لە ڕێڕەوی شارستانی‌و پێشکەوتن، نەوەك ئایین وەکو بەهایەکی مرۆڤایەتی کۆمەڵایەتی.

بەهاکان بریتین لەو ئامرازانەی کە مرۆڤ دروستی کردوون بۆ تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەری‌و ڕێکخستنی ژیانی‌و بەخشینی ئارامی‌و بەردەوامی‌و ئاسوودەیی وەکو ئامانجێکبەشی سێیەم

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی

## سێیەم

# ڕیشەی بەهاکان و ڕەهەندەکانی لە کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

بۆ تێگەیشتن لەکۆمەڵگەیەکی جووڵە هێواش کەچەندین سەدەیە کەوتۆتە نێو جغزی هەژاریو نەریت و نەخۆشیو نەزانی، پێویستە توێژینەوە لەبنچینەی مێژوویيو ئەو کەوتنە بەئازارەی لەو تۆرە مێژووییە بەردەوامەی بکەین کەتێیکەوتووە.

ئەگەر ئێمە ئەو لاپەڕانەی مێژووی کۆمەڵگەکەمان هەڵدەینەوە، ئەوە بۆ ئەوەیە کەسنوورێك بۆ هۆکارە نەرێتیەکان(العوامل السلبية) و ئاستەنگە بنیادگەریەکان دابنێین کەبۆتە هۆی نائارامی کۆمەڵایەتيو لێکترازانی سیاسی، بەڵکو دواکەوتنی لەئاستی ئابووریدا.

(س. رایت میلز)دەڵێ:

(ئێمە مێژوو دەخوێنین بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت لێی) (١٨-١٧).

ئەوەش تاکە ڕێگایە بۆ دانانی سنوورێك بۆ دواکەوتن، بەتایبەتی بەگوێرەی ئەو کۆمەڵگانەی کەچەندین سەدەیە کەوتوونەتە ژێر باری ڕابردوو، بەبێ ئەوەی هەوڵ سەربەستيو وەرگرتنی دەستپێشخەريو ئارامی بۆ بڕەخسێ.

کۆمەڵگەی کوردی بەو کۆمەڵگانە دادەنرێت کەکەوتوونەتە ژێر باری هاوبەندی شێوازی بەرهەم هێنانی ئاسیایی (١)

---

١ -بیرۆکەی شێوازی بەرهەم هێنانی ئاسیایی (اسلوب الانتاج الاسیوی) لای مارکس و ئەنجلز دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٥٣ کە بریتیە لەچەندین کۆمەڵێکي جیاواز لەهەل و مەرجی ئابووريو کۆمەلایەتيو سیاسيو دەوروبەر لەگەڵ کۆمەڵی مولکداری تایبەتی (وەکو لەنیشتمانی عەربيو وڵاتانی ئاسیاو ئەفرقیا)

بنچینەی ئەو شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دیاردەی جوگرافی سروشتی چەندین وڵاتێکی دیاریکراو بەدیاردەکانی کۆمەڵایەتيو سیاسی بەهێڵێکی ڕاست تێدەپەڕێت لەبیابانی گەورە لە مەغریب تاکو چین دەگرێتەوە.

بەپێی ئەو شێوازە ئەو وڵاتانە پشت بەئاوی ڕووبار دەبەستن بۆ کشتو کاڵ، هەڵبەتە ئەم کارەش بەهاولاتیان ناکرێت و هەردەبێ دەوڵەت (دەسەلات) سەرپەرشتيو کۆنتڕۆڵی بکات لە دابەشکردنی ئاو،هەڵکەندنی بیرو ئاوڕۆو زەوی چاکردن و ڕێگا خۆشکردن، لەناوبردنی نەخۆشی کشتوکاڵيو تاد...

بۆیە لەم شێوازە مولکداری تایبەت نییە، بەڵکو مولکداری دەوڵەتی هەیەو جووتیاران بە(کرێ) لەلای دەوڵەت کارەدەکەن. ئەم شێوازە مشتو مڕی زۆری لەسەرە ئایا شێوازێکی تایبەتی بەرهەم هێنان یاشێوازێکی سەربەقۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەلایەتین، مارکسیەکان بەشێوازێکی تایبەتی بەر لەقۆناغی کۆیلەتيو لەدوای کۆمۆنەی سەرەتایی

ئەو شێوازەی کە لەکۆمەڵگە ڕۆژهەلاتیەکان باوبووە لەمێژووی درێژی کە لەچەرخی سەرتایی دەست پێدەکات تاکو کۆتایی چەرخی دەرەبەگی (فیودالی).

لەدوای ئەو شێوازە کە باو بووە، نێوکۆیی خێڵەکی(المشاعية القبلية) هاتووە، بەشێوەیەك پەیوەندی نێوان مرۆڤ و برای، بەرێژەیی پەیوەندیەکی دیاریکراو نەگۆڕبووە.

لەژێر سایەی ئەو پەیوەندیەدا، هەل و مەرجی گشتی، ئەوەی پەیوەندی بەهۆیەکانی بەرهەم هێنان و سەرخان هەیە وەکو خۆی مایەوە.

شێوازی بەرهەم هێنانی ئاسایی بەسێ ڕەهەند دیاریدەکرێت ئەوانیش: زەوی کشتوکاڵی –ئاودێری– دەوڵەت.

ئەو سێ تابەتمەندەش بەیەکەوە بەستراون و یەکێکیان ئەویتر تەواو دەکات، زەوی کشتوکاڵی پشت بەئاودێری دەبەستێت، ئەویش بەدەوری خۆی پێویستی بەڕێکخستن هەیە،لەدابەشکردن و دامەزراندنی بەنداو، ئەویشیان پێویستی بەدروستکردنی دەسەڵاتێکی باڵا هەیە کەسەرپەرشتی ئەو کارە بکات. ئەوەش تەنگژەیەك بوو بەتەنها لە توانای جووتیارەکان نەبووە، هەروەها ئەو دەسەڵاتە کاری بەرگری و دانانی

---

دادەنێن، صالح محمد صالح لە کتێبی (حول اسلوب الانتاج الاسيوى) (دەڵێ ئەو شێوازە بریتی بوو لەشێوازی ڕۆژهەڵاتی کۆیلایەتی لەپاڵ شێوازی ڕۆژئاوایی کۆیلایەتی)بەڵام زۆر لەنووسەرانیتر وەکو (احمد صادق سعد و سعد فرحان صالح) دەڵێن ئەم شێوازە تایبەت بووە بەڕۆژهەڵات ولەدوای قۆناغی کۆیلایەتی هاتووەو تاکوهاتنی کۆلۆنیالی ئینگلیزیو ئەوروپی بەردەوام بووە بەو مانایە کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی (بەتایبەتی میسری) قۆناغی کۆیلایەتیو دەرەبەگی نەبینیوە. بۆزیاتر زانیاری بڕاونە ئەو سەرچاونە:

١-احمد صادق سعد، ست دراسات في النمط الاسيوي للانتاج، دار الطليعة، بيروت،١٩٧٩.

٢-احمد صادق سعد، في ضوء نمط الاسيوي للانتاج، نشاة التكوين المصري وتطوره، دارالحداثة،مصر،سنة الطبع، بلا.

٣-صالح محمد صالح، حول اسلوب الانتاج الاسيوي، دار ابن خلدون،١٩٧٨.

وەرگێڕ

ڕادەیەك بۆ پاشماوەی كارەساتەكانی لەئەستۆ بووە، ئەوەی كۆمەڵگەی كوردی لەكۆمەڵگە ئاسیاییەكانی‌تر وەكو دۆڵی نیل لەو ڕەوتە جیا دەكاتەوە، ئەویە كەكۆمەڵگەی كوردی لە بنچینەوە پێویستی بەدەوڵەتێك نەبووە بۆ لەئەستۆگرتنی ئەركەكانی ڕابردوو،ئەمیش لەبەر زۆری ئاوو فرەسەرچاوەیی‌و زۆری ڕووەك، ئەمە لەپاڵ سەختی ناوچەكان و بەرزیان كە بۆتە بەربەستێك بۆ ڕێگرتن لەداگیركەران و ناحەزان بەدرێژایی سەدەكاندا.

لەو شێوازەی بەرهەم هێناندا، ئامرازەكانی بەرهەم هێنانی كۆمەڵگە زۆر هەژارە، هەروەها لەبنیادی كۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و كەلتووریش هەژارە، ئەو كەل و پەل و ئامێرانەی كە دۆزراونەتەوە دەگەڕێتەوە بۆچەرخی بەردین، وەكو تەپشوو، دەستار، گاسن، جیاوازی نەبووە لەگەڵ ئەو كەل وپەلانەی گوندەكانی كوردستان.

لەڕوانگەی پرەنسیبی هاوبەندی نێوان بوونی كۆمەڵایەتی‌و هۆشیاری كۆمەلایەتی، ئەو بوونەش لە شێوازی بەرهەم هێناندا بەجۆرە سنووردارییەك و نەگۆڕییەك بەدرێژایی سەدەكانەوە دەناسرێت، بۆیە هۆشیاری كۆمەلایەتیش لەو كۆمەڵگایانە بەدرێژایی سەدەكان بەنەگۆڕی جیا دەكرێتەوە.

بۆ نموونە ژیانی كۆمەلایەتی لە عێراقی كۆن (میزۆپۆتامیا-وەرگێڕ) وەرگرین لەبواری سیستەمی خێزان تێبینی دەكرێت كەڕێساكانی ژن هێنان زۆر ئاڵۆزو پێشكەوتووە،كە زۆر جیاوازی نەبووە لە ڕێسكانی ژن هێنان لەكۆمەڵگە ڕۆژهەلاتیە هاوچەرخەكان، خێزانی عێراقی كۆن بەنموونەیەكی گچكەی سیستەمی دەوڵەت دادەنرێت كەلەو كاتە باوبووە، هەروەك شا لەمەملەكەتی خاوەن دەسەلاتی بەرزو ڕەها بووە،

باوكیش لە خێزانەكەی خۆی وابووە، بۆیە باوك بەخوای خێزان دادەنرا، واتە گەورەی هەورەها تاكو ئێستا خێزانی كوردی باوك سالاریيە هزرو ڕەفتاری لەسەر بنەمای ئەفسانە وەستاوە، هەڵویستی لەژن هێنان یان ئافرەت و پەیوەندیە سێكسیەكان و لەبژێری(تفضيل) كوڕان لەسەر كچان چەند جیاوزییەكی ڕێژەیی لە نێوان شارو گوندەكان، هەرهەمان حاڵ بەگوێرەی داب و نەریتانەی كەزۆربەیان بەهەزاران ساڵە دیاریكراوە.

بیرۆكەی نزیك بوونە لەپەرستراوەكان بە پێشكەشكردنی پێناو قوربانی یا بەكارهێنانی وەكو پەیژەیەك بۆ گەیشتن بەئارەزووەكانی جیهانی زەمینیو ترس لەجیهانی ئاسمان و پاڕانەوە لێی بۆ جێبەجێكردنی ئەو مەبەستانەی مرۆڤ و كۆمەڵگەكان دەیانەوێ لە گەڵك وەرگرتن و بەدوور ڕاگرتنی ئەو هەڕەشانەی كە زیانی پێدەگەیەنێت، هەموو ئەمانە لەگەڵ مرۆڤایەتی هاتوونەتە كایەو لەگەڵ هزری ئایینی بەیەكەوە بەند بوونە لەسەرجەم قۆناغەكان و هەروەهاش دەهێنێتەوە تاكو باوەڕو پەرستن بمێنێ.

چینە دەسەڵاتدارەكان لەپێناو پتەوكردنی مانەوەی بەرژەوەندییەكانیان لەنێو جەماوەر پاڵپشتی لە بڵاوكردنەوەی وڕێنەو ئەفسانەو پڕو پووچی دەكەن، كەسایەتی كوردیش نەوە لەدوای نەوەو بەدرێژایی مێژوو، كەوتۆتە ژێر باری ئەوبەها دواكەوتووانە،ئەم كەسایەتیە بەتەنها خەركی ئەوەبووە كەهێزە غەیبیەكان ڕازی بكات و باوەڕی تەواو بەرێرەوی ژیانی باوی بكات.

پرۆسەی گومان كردن و بێزاریو یاخی بوون بەرامبەر حاڵەتی نەسازیو ناهاوتایی نێوان چینێك و یەكێكیتر بەمانای كفرو دەرچوون لەچارەنووسی نووسراو دابەشكراو دادەنرا.

ئەو کۆمەڵە شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کوردستان ئەگەر هەموویان بنچینەیان ئایینی نەبوبێت ئەوە هۆکاری ئایینی لەدوای کەوتن و لەبەر بوونیان بووە، بایەخ پێدەری مەزهەب و ڕێچکە ئایینیەکان چ ئیسلامیو نائیسلامی سەرسام دەبێت لەکاریگەری ئایین لەکوردستان، لەنێو ئەمانەدا، ئیسلامی نەرمڕەو توندڕەو، سۆفی، نەقشبەندیو قادری، کاکەیی، عەلی ئیلاهی، شەبەك، قزلباش، بەگداش، هەروەها ئێزیدیو دیان و تاد...

(تومابوا) لەکتێبی (مع الاكراد) دەڵێ:

(ژیانی ڕۆژانەی کوردەکان بەندە بەئیسلامەوە) (١٠٧:١٤)

واتە ئایین چۆتە قوڵاییو ووردترین گۆشەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی کورد،لەخواردن و خواردنەوەو جل و پۆشتەو پەیوەندییە گشتیەکان، هەروەها لەهەڵسەنگاندنی دیاردە مرۆییو سروشتیەکان، کورد بەرگریکەری بوێرانەی لێکردووە.

کوردەکان بەتەنها خۆیان و زیاد لەنزیکەی سەرجەم موسڵمانەکان چەکی بەرگریان هەڵگرت لەخەلافەتی ئیسلامی لەدوای هەڵوەشاندنەوەی لەبیستەکانی ئەو سەدەیە بەدەستی ئەتاتورك و داوای گەڕانەوەی خەلافەتیان کرد[1].

---

١ -ئەوەی توێژینەوە لەجولانەوەی ساڵی ١٩٢٥باکوری کوردستان بکات کە ناسراوە بەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، ئەو ڕاستیەی بۆ دەردەکەوێت کەئایین ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لەشۆڕش، بێگومان لەپاڵ هۆیەکانیتر لەداگیرکردن و چەوساندنەوەو سەرکوتکردن،دەکرێ لێرەدا بڵێین سەرکردە کوردەکان لەپاڵ باوەڕی پتەویان بەئایینی ئیسلام ویستوویانە هۆکاری ئایینی وەکو هۆکارێکی یارمەتیدەرو سیاسی لەدژی کەمالیە تورانیەکان بەکار بهێنن،نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت بووە مایەی ناڕەزاییو بێزاری موسڵمانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی، موسڵمانەکانی هیندستان نامەی

له ١٩٢٥/٥/١٣ شێخ سەعیدی پیران سەرۆکی تەریقەتی نەقشبەندی ئالای یاخی بوونی چەکدارانەی دژی حکومەتی تورك بەرز کردەوە، هەروەها لەداواکاریەکانی دانانی سەلیم کوڕی سولتان عبدالمجید بەخەلیفەو سولتان، ئایین ڕۆڵێکی پڕ بایەخی لە مێژووی گەلەکەمان گێڕاوە،لەوکاتەی گەلان وەکو سیاسەت و لەپێناو پێشکەوتن و سەربەخۆیی بەکاریان هێناوە، پێچەوانەی ئەوە لای ئێمە ڕوویداوە، ئایین لەبەرژەوەندی هێزە دەسەلاتدارەکان و لەپێناو پارچە پارچەکردنی یەکێتی نیشتمانیو نامۆبوونی لەواقیعدا بەکارهێناوە، بەگوێرەی گەلانی دەوروبەر تێبینی دەکرێت کەمەزهەبی شیعەگەری بوە ئیدیۆلۆژیەتی فارس و بەهرەی بەرهەڵستکاری دژی داگیرکەرانی دەرەکی.

تورکەکان بەشێوەیەکی پسپۆڕانە سوودیان لەئایین وەرگرت و ئەنادۆلیان کردە نیشتمانی خۆیان.

بەلام تەنها کورد لەنێو گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نەیتوانی ئایین لەپێناو پێشکەوتنی بەکار بهێنێت. (٤٠:٤)

واز لەڕۆڵی نەرێتی(سلبی) ترسناکی ئایین بێنە لەهەرەسهێنانی میرنشین و قەوارە سەربەخۆکانی کورد (ئەو نەسازییە ئایینیەی لەکوردستانی ڕۆژهەلاتی ئەرمینیا باوبووە، ڕۆڵی نەرێتی هەبووە، ژمارەیەك لەسەرۆك خێڵەکان کەوتنە ژێر شەپۆلی ئەو نەسازییەی کەپیاوانی دەمارگیر نوێنەرایەتیان دەکرد.) (٦: ٢٩٤)

---

نارەزاییان بۆ ئەتاتورك ناردو داوای گەڕانەوەی خەلافەتیان کرد،تەنانەت پاشای میسری (مەلیك فاروق) پرۆژەی ئەوەی هەبوو کە خۆی وەکو خەلیفەی موسلمانەکان ڕابگەیەنێت.

بەلام لێرەدا پرسیارێك خۆی دەخاتە ڕوو ئەویش تا چ ڕادەیەك بەرزکردنەوەی دروشمی خەلافەت و کارکردن بەشەریعەتی ئیسلامی لەهەل و مەرجی ناوخۆییو نێودەولەتی لەبار بوو، ئەمە پرسیارێکی ترەو پێویستە لەو ڕوانگەیەوە مەسەلەکلە تاوتۆ بکەین، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

هەژار کامەلا- ڕۆلی هۆکاری ئایینی لەڕاپەڕینی ١٩٢٥،دەستنووس.

وەرگێڕ

بۆ نموونه چ لەمیرنشینی سۆران بەڵگەدارتر نیە، میر محمد یا(محمد کۆر) سەرکردەی میرنشین کەقەڵەمڕەویەکەی بۆ ڕووبەرێکی فراوانی کوردستان و دەوروبەری کشابوو، سەرنجی بایەخی شایەکانی ڕاکێشابوو بۆ قایل بوون ونزیك بوونەوە لێی، چی لەدوای کەوتنی بوو؟

ڕۆژێك لەڕۆژەکان و یەکێك لەمەلا عوسمانیەکان بەنێوی (محمدی خەتیٚ) فەوتوای دژی میر دەرکرد لەبەر ئەوەی دژی سوڵتانی عوسمانی(خەلیفەی خوا لەسەر زەوی) وەستاوەو مەلا گوتوویەتی:

ئەوەی شەڕی سوپای خەلیفە بکات، باوەڕی نیەو تەڵاقی لەژنەکەی دەکەویٚ، بۆیە میر دەستی لەچەك هەڵگرت و خۆی بەدەستی خەلیفەوەدا ئەویش لە پاداشتی ئەوە لەسێدارەیدا([1]).

---

[1] -لەمەڕ ئەو مەسەلە مێژوویی‌و گرنگە پێویستە پەیوەندی پیاوانی ئایینی‌و دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان تاوتۆ بکەین و بگەڕێینەوە سەر بنیادی پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتەو کاریگەری پیاوانی ئایینی کوردستان لەسەر ئەو دەسەلاتە، مێژووی میرنشینە کوردیەکان و دەسەڵاتدارە ناوچەییەکانی کوردستان ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە کەپیاوانی ئایینی تائەو ڕادەیەی کرابیٚ تەبا بوونە لەگەڵ دەسەڵات، بەڵام هەر کاتێك ناکۆکی‌و کێشە لەنێوانیان دروست بووبێت، ئەوە بەهێمن و بەئاشتی پیاوانی ئایینی پاشەکشەیان کردووەو کێشەکە لەبەرژەوەندی دەسەلاتی سیاسی کۆتایی هاتووە، لێرەدا ئاماژە بەدوو نموونەی مێژووی بەرچاو دەکەین:
لەسەردەمی دەسەڵاتی مەحموود پاشای بابان کاتێك ناکۆکی کەوتۆتە نێوان مەولانا شێخ خالید نەقشبەندی‌و شێخ مارف نۆدەیی ئەنجامەکەی بەسەرهەڵگرتنی مەولانا خالید هات بۆ دیمەشق، لەپاش ئەوەی مەحموود پاشای بابان کێشەکەی بەلای شێخ ماریف شکاندەوە، هۆی سەرەکی ئەم ناکۆکیەش هەروەکو مامۆستا (مەلا عبدالکریم مدرس) ئاماژەی پێدەکات دەگەڕێتەوە بۆ ترسی مەحموود پاشا لەکاریگەری‌و شوێنی مەولانا خالید لەنێو جەماوەری کوردستان و ناوچەی قەڵمڕەوی بابان بەتایبەتی.
هەروەها لەسەردەمی دەسەڵاتی میر پاشای کۆرە کاتێك ناکۆکی کەوتە نێوان پاشای کۆرەو ئیبن ئادەم کەگەورەترین زانای ئەوسەردەمە بووەو مامۆستای مەلای خەتێش بووە، ئیبن ئادەم بەهێمنی ڕەواندزی جێهێشتووەو چووە لەگوندی (دێڵزە) دانیشتووە تاکو کۆچی دوایی لەویٚ کردووە.

پاشماوەکانی دەمارگیری ئاییینی لەهیوا برانی تاك و كۆمەڵ تێدەپەڕێ بۆ حاڵەتی گرژی‌و ناكۆكی نێوان كۆمەڵگەی كوردی‌و كۆمەڵگەكانی دەوروبەری، بۆیە ئایین لەدوای دووبەرەكی نێوان كوردو ئاسوریش بوو، هەروەها كۆلۆنیالیزەكان توانیان یاری بەكارتی ئایین

---

مەسەلەی فەتواكەی مەلای خەتێش لەوچوارچێوەی سەرەوە دەرناچێت لێرەدا ئاماژە بەدووخاڵی سەرەكی دەكەین:

یەكەم:
ئەگەرچی كاریگەری ئایین لەنێو جەماوەری كورد زۆر كاریگەرو بەهێز بووە بەڵام هیچ ڕۆژێك ئەو كاریگەرییەی نەبووە بتوانێ زاڵ بووبێ بەسەر دەسەڵاتی سیاسی، بەڵكو بەپێچەوانەوە لەخزمەتی دەسەڵاتی سیاسی بوونەو بەتایبەتی پەیڕەكەرانی مەزهەبی سونی شافعی كە بەدگمەن شمشێری یاخی بوونیان دژی دەسەڵات بەرزكردۆتەوە ئەمە بێجگە لەوەی میرو پاشایانی كورد لە ئایین دوورنەبوونەو بەردەوام خۆیان بەخزمتكاری ئاییینی پیرۆز داناوە.

دووەم:
تاكە سەرچاوەیەك ئاماژەی بەفەتواكەی مەلای خەتێ كردبێ مێژوونووس (حوسین حوزنی موكریانی)یە كەلە دوای ئەو سەرجەم نووسەرانی‌تر دووپاتیان كردۆتەوە بەبێ ئەوەی لێكۆڵینەوەی لەسەر بكەن، دەڵێن ئەم ڕایەی موكریانی لە ئەنجامی ململانێ خێزانی نێوان ئەو دووبنەماڵەیە هاتۆتە كایەوە بەڵام واقعی پەیوەندی نێوان مەلای خەتێ‌و پاشای كۆرەو ڕووداوەكانی ئەو سەردەمەو تاوتۆكردنی هەل‌و مەرجی ئەو كاتە، دەمانگەیەنێتە سەر ئەو ڕاستیە كە فەتواكە لەبەرژەوندی ناوچەكەو بەرێكەوتن لەنێوان مەلای خەتێ‌و پاشای كۆرە دەرچووە. هۆیەكانی كەوتنی میرنشینی سۆران زۆرن‌و دەگەڕێنەوە بۆ گەلێ هۆكاری ناوخۆیی بەگشتی‌و دەرەكی بەتایبەتی.توێژەر هەمان ڕای هەڵەی نووسەرەكانی دووبارە كردۆتەوە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

١-مسعود محمد-من هموم الحياة- مطبعة حسام، ١٩٨٨،بغداد.

٢-د. فازیل كەریم- مێژووی گەلی كورد لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیەوە، ڕێبازی نوێ(گۆڤار) ژمارە(٥)، ١٩٩٤.

٣-مەلا عبدالكريم مدرس- یادی مەردان- بەرگی یەكەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد،١٩٧٩.

(وەرگێر)

بکەن لە هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ لەنێوان ئەو دووگەلە وزاڵ بین بەسەریاندا ( ٦: ٢٢٧ )

ئەمە لەپاڵ ئەوەی کەبەدرێژایی مێژوو هۆکاری ئایینی ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لەلاوازکردنی هەستی نەتەوەیی.

## پوختـــــە:

ئەتوانین بێژین کەکەلەپوری بەهایی لەکۆمەڵگەی کوردی لەسەر دووسەرچاوە پێك دێت:

**یەکەم:**

ژینگـەو دەورووبـەری کـورد کەلـە کۆنـەوە بـۆی بـەجێماوە کە(زەردەشتیزم) یەکێك لەدیارترین ئەو سەرچاوانە پێك دەهێنێت.

**دووەم:**

لەدەورووبـەری هـزری ئـایینی هـەڵقوڵاوە کـە لـەدوای لـەدایك بوونەوە(زاین) لەناوچەکە بوونی هەبووە.

## بەشی

## چوارەم

# ڕواڵەتەکانی ژیانی کەسایەتی کوردی ڕەهەندی بەهایی ئایینی

ئەو بەهایانەی کەڕوانگەیەك بۆ هزرو کارو پرەنسیپانەی کەمرۆڤ هەڵیدەگرێت و بەرگری لێدەکات پێك دەهێنێت، لەلایەکی ترەوە بەکۆڵەکەیەکی سەرەکی لەبنیادی ژیاری دادەنرێت، هەروەها هەڵوەستی مرۆڤە (هەروەها هەڵوەستی توێژوچین کۆمەڵگەیە) بەئەرێنتیو نەرێنتی لەدیاردەکانی جیهانی بابەتی، کەبوارێکی بنچینەیی‌یە بەدەگمەن بیرمەندو شۆڕشگێڕەکانی ولاتانی جیهانی سێیەم ئاگاداریان لێ هەبووە، ئەوان تەنیا مەراقیان جێبەجێ کردنی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی بووە، زۆربەی هەوڵەکانیان بەشی نووشستی بووە، ئەووان بەردەوام ـ هاڵ بوونە لەوەی کەمەسەلەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و بنیادنانی سوسیالیزم، بەرایی پێویست بووە لەسەریان لەزەینی ئەو مرۆڤە تێبگەن کەمامەڵەی لەگەڵ دەکەن، شیکردنەوەی واقعی دەروونی‌و ڕەفتاری مرۆڤی دواکەوتوو ڕەهەندی زیاتر قووڵترو فراوانترمان بۆ دەردەخات لەوەی کە لەواقعی ڕووکەش یا لەرەوتی مامڵەی ڕۆژانە لەگەڵ ڕووداو واقعەکان دەردەکەوێت.

بەهاکان وەکو ئامرازێکی شیکردنەوەو دیاریکردنی شت و بابەت و دیاردەکان هەڵوێستێك لەبەرامبەر گەردوون و مرۆڤ و ژیان و خەڵك پێك دەهێنێت.

لەهەموو کۆمەڵگەیەك بۆچوونی بەهایی دیاریکراو هەیە دەرهاوێشتەی سیستەمی بەهایی باوە لەو کۆمەڵگەیە، مەبەست لەو بۆچوونانەش ئەو ڕاو هەڵوێستانەیە، کەخەڵکی کۆمەڵگە دەیگرنە ئەستۆ لەبەرامبەر جیهان و گەردوون و دیاردە ماددی‌و مەعنەویەکان کە بەشێوەیەکی دیارو نادیار ناوەرۆکی ژیانی مرۆیی ئەو کۆمەڵگەیە پێك دەهێنێت، یا هەل و مەرجی ئەو کەسانەی ئەو کۆمەڵگەیەی لێی دەژین لە ژیانی ڕۆژانەی‌دا لەخۆ دەگرێت.(١٧: ٦٥)

بەهاکان لەکۆمەڵگە بەهەموو ڕەهەندەکانی (هەڵوێستی تاك بەرامبەر دیاردەو شت و هێزو ڕەهەندە کۆمەلایەتیەکان، ڕەچەڵەکی باوك، تقوسی ژن هێنان، دوالیزمی جەستەو ژیان ڕەفتارو ڕچەکانی شێوەو کەوتنە دوای غەیبی تا ) هەرلە خۆوە نەهاتووە،بەڵکو بەشداری بنیادی کۆمەلایەتی دەکات و بزوێنەریەتی بەرەو بەردامێتی

بنیادی کۆمەلایەتی (Social Structure) شێوەی بنچینەیی بەکۆمەڵگە دەبەخشێ:

(کارل مانهایم بنیادی کۆمەڵایەتی دەناسێنێ‌و دەڵێ:

(پێکهاتەی هێزە کۆمەلایەتیەکان لە چالاکی نێوانیان و سەرجەم جۆری تێبینی‌و هێزی جیا جیای لێدەردەچێت) (٧: ١٠٠).

ئەو کەسایەتیەی ئێمە پێوە خەریکن، لەکۆی سەرجەم پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان پێك دێت، کە لەبنیادی کۆمەلایەتی باو، دواتر ڕەنگدانەوەی شێوەکانی ئەو بنیادە کۆمەلایەتیە باوە لەخۆ دەگرێت.

لەکۆمەڵگەی کوردی (ڕەهەندی ئایینی)بەڕەهەندی بنچینەیی لەبنیادی کۆمەڵایەتی‌و ڕەگی بنچینەیی پێك دەهێنێت کە لەڕێگای ئەویشەوە کەسایەتی گەشەدەکات. لەو کاتەی کە جیاوازی لەوەزیفە زەینییەکان بەجیاوازی لەزەمینەی کۆمەلایەتی گەشە دەکات، زەمینەی کۆمەلایەتی لەکۆمەڵگەی کوردی لەسەر کۆڵەکەیەکی نەگۆڕ وەستاوە کەئاینی یا ڕەهەندی ئایینی‌یە.

کەسایەتی لەو زەمینەیەدا هەروەکو(لیڤی برهل) وەسفی دەکات لەواقعی زەینی خۆی (ناتوانێ نێوان ڕامانی تایبەتی‌و ڕامانی بەکۆمەڵ لێك جیابکاتەوە، لەبەر ئەوەی سەرجەم ڕامانەکانی مۆرکی بەکۆمەڵی پێوە زاڵەو لەگیانی بەشداریکردنی کۆمەلایەتی زۆر بەهێزەوە سەرچاوە دەگرێت) (٢٥ :٢٩).

ئایا دەرهاوێشتەی ئەو واقعە (بەهایی – ئایینی)یەلەسەر تاك چی یە کاتێك ڕۆڵی خۆی لەنێو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان دەگێڕێت؟

بەرلەوەش خەسڵەتەکانی زەینیەتی دواکەوتوو چی یە؟

زەیینی دواکەوتوو بەگواستنەوەی ڕەفتار لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی‌تر بەگشتی بەشێوەیەکی نەگۆڕ دەناسرێت کەداب و نەریت حوکم لەسەر ڕەفتار دەکات نەوەکو یاسا.

زەینیەتی دواکەوتوو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیە کە پلەدارییەکی نەگۆڕ حوکمی دەکات، بەرهەم هێنانێکی زۆر نزم، لەوانەش گرنگتر بەرهەڵستکاریەك هەیە بۆ گۆڕان کە لەیەکانگیری دیدی مل کەچی بۆ جیهانی سروشتی (مل کەچی بۆ دەسەڵاتی دەوروبەرو هێزی میتافیزیکی) لەگەڵ بنەمای دەسەڵاتخوازی، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی تەگەرە بۆ پرۆسەی گۆڕان، لەڕێگای ڕێگەگرتن لەبەرامبەر دەرکەوتنی هێزی ڕەت کەرەوە(٢٢: ٣٦).

لێرەوە دەردەکەوێت کە زەینیەتی دواکەوتوو ڕووکەش و پەك کەوتووە،خاوەن مل کەچیەکی کوێرانەیە بۆ ئەوانەی پێشینان لەچوار چێوەی دیاریکراو، کەهێزەشاراوەکانی خۆی دەرك پێناکە لەپرۆسەی گۆڕینی واقع، ترسنۆك و تۆقیوە لەڕووبەڕووبوونەوەی کێشەو ئاستەنگەکانی ژیانی، پەنابردن بۆ غەیبانیەت و هزری پڕوپوچ و ئەفسانە دەبات.

تاکو ئێستا لەکۆمەڵگەی کوردی وەلی و شێخ وەمەلاکان ڕۆڵی گەورە لەداڕشتنی زەینی تاك دەبینێت.

زەینیەتی دواکەوتوو بێ بەشە لەبیرکردنەوەی دیالیکتیکی‌و باوەڕ نەبوون بەهۆیەتی سروشتی‌و خاسیەتی بابەتی یاساکان، ئەو لەهەموو بارێکدا ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ عەقلیەتی سەرەتایی زۆر جیاوازی نیە.

سەرەتاییەکان (البدائیین) زۆر لەکۆمەڵگە هێنانەوەی عەقڵی دوور دەکەوێتەوە لەوەی پێبەگوترێت ئاخافتن بەپرۆسەی ژیر بێژی بیرکردنەوە.هەروەها تێبینی ئەوەمان کردووە کە ئەو دوورکەوتنەوەیە ناگەڕێتەوە بۆ کەم و کوڕیەکی ڕەسەن یا یەک کەوتنێکی سروشتی لەتێگەیشتنیان بەڵکو ڕاستر دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە تەریتێکی عەقڵی کەلەسەری ڕاهاتوون واتە شێوازی بیرکردنەوەیان» (٢٦ : ٦٠)

(دکتور یوسف نور عوض) دەربارەی کۆمەڵگەی سەرەتایی دەڵێ: «کۆمەڵگەیەکە پشت بەهیچ بیرێک لە بیرەکان، یا ئامانجێک لەئامانجەکان نابەستێت، بەڵکو ژیانی لەگەڵ هەل و مەرجی سروشتی و ئابووری دەگونجێنێ بەبێ ئەوەی بەڕۆڵێکی کاریگەر هەڵسێ بەرەو گۆڕینی و هەروەها ڕۆڵی گرنگ نابینێ لەژیانی ئەو کۆمەڵگەیە، چونکە کۆمەڵگەکە بەسیستەمی تایبەتی خۆی بەندە، کەهەموو ئەندامەکانی بەشێوەیەکی لەخۆڕایی بەپیلیەوە دەچن، کەپاشماوە گەلی و فۆلکلۆری و ئەفسانەکان ڕۆڵیان لەژیانی ئەو جۆرە کۆمەڵگە هەیە کە بەشێوەیەکی ئاسایی لەسەر سیستەمی خێڵەکی و عورف پێک هاتووە» (١٧ : ٦)

زەمینیەتی دواکەوتوو شتەکان بەڕواڵەتەکانی هەڵدەسەنگێنێ، لەبەر ئەوەی گیانی زانستی نییەو خود لەسەر حیسابی بابەت قەبەدەکات، زەمینیەتی دواکەوتوو زەمینیەتێکی پاشکۆیە، لاسایی و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو جیای دەکاتەوە، هەموو شتێکیش لەلایەوە خاوەن مەبەست و پلانە، لێرەوە لەگەڵ عەقلیەتی سەرەتایی یەکدەگرنەوە لەڕووی جیاکردنەوەی نێوان جیهانی زەمینی و جیهانی ئاسمانی، (جیهانی بینراو جیهانی نەبینراو، لەدیدی عەقلیەتی سەرەتایی تەنها یەک جیهانە، هێزی جیهانی بینراو بەردەوام بەستراوە بەهێزی جیهانی تر.) (٢٦ : ٥٤)

کات بەهەموو ڕەهەندەکانی: ڕابردوو،ئێستا، ئاییندە لەلایەن زەینیەتی دواکەوتوو یەک داکشان پێک دەهێنێت،ئێستا ڕابردووە کە خراوەتە نێو پێچەکانی مێشکیو ویژدانی دەجوڵێنێ، ئاییندە ئێستایە کە نەدەگۆڕێو نە ئاڵوگۆڕ دەکرێ.

دێوو جنۆکەو حۆڵ لایەنێکیتر لە گۆشەکانی زەینیەتی دواکەوتوو پێک دەهێنێت و زۆر لەڕواڵەتەکانی بێتواناییو کەمیو خراپی تەگبیرکردن دەدەنە پاڵ شەیتان، وبۆتە ئەو سنگە (شماعە) ی کەکەسایەتی بێتوانا خەوش و خراپییەکانی پێهەڵدەواسێ، بۆیە سەیرنیە کە لەهەر تەتەڵەو هەڵەیەک(اعوذ بالله الشیطان الرجیم) (لەعنەت لەشەیتان) بڵێتەوەو لەگەڵ خۆشی دەڵێ ئەگەر شەیتان نەبووایە ئەو کارەم نەدەکرد یا بەرەو ئەو کارە نەدەچووم کە کردم.

خۆ بەستنەوە بە ئەولیاو گۆڕی پیاو چاک و شێخەکان بۆ (شەفاعەت کردن لەلایەن خواوەو جێبەجێکردنی پێویستیەکان یا چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئاڵۆز،باوەڕ بوون بە جادووگەریو خوێندنەوەی ناو لەپ (قراءة الکف)، ودانانی نووشتە لەسەر سنگ یا لەژێر سەرین لە کاتی نووستن یا هەڵواسینی لەبەرامبەر مالآن یا لەپشتی ئۆتۆمۆبیل بۆدوورکردنەوەی مەترسیەکان،وبەکارهێنانی نەعل(سۆڵ) یا ناڵی ئەسپ یا مۆرکردنی خوێنی مەڕ لەسەر کەڵ و پەلە خۆشەویست و بەنرخەکان.

هەموو ئەم هێمایانە بەلایەنێکی عەقل و ڕەفتاری گرنگی زەمینەی دواکەوتوو دادەنرێت[1]، کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریمان زۆر باوە،

---

[1] -لەم بارەیەوە (سپینۆزا) فەیلەسوفی گەورەی چەرخی ناوەڕاستی هۆڵەندی دەڵێ: (ئەگەر عەقڵ ئامادە نەبوو ئەفسانە سەر هەڵدەدا، وئەگەر ئەفسانە زاڵ بوو عەقڵ وون دەبێ، وئەفسانە لەگەڕاندنەوەی دیاردە سروشتیەکان بۆ هۆیەکیە سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە، یا بۆ هێزە خەیاڵیەکان، یا بۆکرداری خەیاڵی، یا بۆ بوونەکی غەیبی وەکو جنۆکەو دێوو گیانی چەپەڵ یا پاک، ئەگەر ئەو دیاردە سروشتیانە لەباو دەرچوون وا دەردەکەوێت وەکو موجیزە(معجزة) وسروش بەدەر کەدەکرێ لە ڕێگای جادوکەرو فاڵگرەوەکان و کاهینەکان

زەینیەتی دواکەوتوو، لەئەنجامی هەستکردن بەبێبەشیو فێڵ لێکردن و بێتوانایی لەبەرەنگار بوونەوەی ئاستەنگەکان، نزای بەرەکەت و لێبوردن لە گۆڕی ئەولیایان دەکات و هەروەلیەکیش سیفەتێکی تایبەتی هەیە، لەوانە ئەوەی بەوە ئاسراوە کە نەخۆشی چاو یا شێرپەنجە چاك دەکاتەوە، یاکردەوەی لە دایك بوونی کوڕان ئاسان دەکات، یا یەکێکی تر شەفاعەت لەلای خوا دەکات بۆ سڕینەوەی گوناهەکان تاد. ناوچەکانی کوردستان پڕیەتی لەو جۆرە مەزارانە.

خزمایەتیو تیرەگەرێتیو خێلایەتی هێزو زاڵی بەسەر زەینیەتی دواکەوتوو هەیە، مۆرکێکی کۆمەلایەتی ناجیا هەلکەوتووانەی پێوە دەنووسێ، ئەوەش دەبێتە هۆی هاتنە کایەوەی عەقلیەتێکی لەیەکچوو، ڕەفتارکردن لە خۆڕا، مل کەچی بۆ عەقلیەتی کۆمەڵ یا عەقلیەتی زاڵ.

پابەند بوون بەخێزان یا خێل، ئامادەنەبوونی بیرکردنەوەی سەربەخۆ کۆلەواری لەوەرگرتنی بڕیاری کەسی، پاشکۆیەتی کوێرانەی

---

بزانرێت و پێشبینی بکرێت، ئەوەك لە ڕێگای هۆیەکیە ڕاستەوخۆکان کە بوونی دیاردەکان شیدەکاتەوە هەروەکو عەقل دەرکی پێدەکات.

نەفسانە لە زاڵ بوونی هەلچوون و ئارەزووەکان بەسەر عەقل دروست دەبێت لەسەرووی ئەوانیش ترس و پاڕانەوە جا هەستی ئایینی دوودڵ دەبێت لەنێوان ترس و پاڕانەوە یا نێوان ترس و ویست و ئارەزوو.

ڕوداوە چاکەکان گەشبینی چاکەو ڕووداوە خراپەکان مایەی ڕەشبینیو بێزاریە، وترس پەیوەست دەبێ بە کۆلەواری لە کاتێکدا هەستی ئایینی دەیەوێ کارتێکردن بکاتە سەر سروشت بەبانگردنی گیانەکان(ارواح) ئەوەك بەکرداری ڕاستەوخۆ یا بەدوای یارمەتی خواوەند یا نەزرگرتن،یا بەنوێژ کردن بۆ دوورکردنەوەی کارەسات یا بۆ هێنانی سامان یا بۆ دوورکردنەوەی بورکان یا بۆ باراندنی باران.

هەموو ئەمانە دیاردەی کۆلەوارین بەرامبەر سروشت، ئەپەرشتنی فرمێسك لەترسا دادەدا، ونەنزای پاڕانەوە بەکەلك دێت.

سپینۆزا، رسالة في اللاهوت والسياسة، ترجمة وتقديم: د.حسن حنفي، دار الطليعة، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٨١، ل١٢.

وەرگێڕ

خەڵکانیتر ، قایل بوون بەوەی کە هەیە (القناعة بما هو عليه) ئەوان خەسڵەتەکانی مرۆڤن لەو جۆرە سیستەمەدا (خێڵ).

ئابەو جۆرەو لەسەر ئەوڕەوتە زێدە گرنگی ئایینی لەپرۆسەی بەرۆشنبیکردن و خۆراك پێدانی هزریمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە لە میانی گوتەو پەندو ئایەت خوێندنەوە بەشێوەیەکی ناسروشتیو بەبۆنەوەو بێ بۆنە دەردەکەوێت، هەروەها لەمیانی باوەڕ بوون بەبەخت و نزاو پاڕانەوەو جادووگەریو باوەڕبوون بە جنۆکەو دێوو چاوزارو پیرۆزی پیاوانی ئایینیو شێخە تەریقەتەکان و ئیمامی مزگەوتەکان و مەزاری پیاوچاکان دەردەکەوێت هەروەها چەمکەکانی وەکو چاکەو ئەرك و ماف و دادوەریو خۆشەویستی لەگەڵ ڕێسا ئایینیەکان بەیەکەوە نووساوە: هەروەها ڕێزگرتن و شەرەف و شکۆی کەسایەتی.ئەو ڕەهەندو ڕەفتارە زەینیانەی ڕابردوو، بۆتە نەریتی بنج داکوتاو لەنێوان کەسایەتیو بوارەکانی رزگاربوونی وەکو بەربەستێك دەوەستێ.

لەبەرامبەر ئەو زەینیەتەدا تاك بەکۆتکراویو بێ هێزو توانا دەردەکەوێت ئەو داب و نەریتە پاڵپشتکراوە لەبەهای هەمەلایەنی کەبەرجەستە کراوە لەعورف و یاساو قەدەغەکراوەکان(Taboo) وسیرمۆنیاو ڕیو ڕەسم و تقوسە داسەپاوەکان هیچ هەڵبژاردنێك بۆ تاك ناهێڵێتەوە ئەوە کارێکی ناهۆشیارانەیە.

بەو ڕادەیەی کە مانای خۆدانەدەست شتێکەو قایل بوونە بە جۆرە بارێك کە خۆی لەمل کەچی بۆ کەسێك یا کۆمەڵێك یاهزرێکی تەم و مژاوی، بەرجەستە دەکات.

لەئەنجامی ئەوەشدا تاك لەبیرکردنەوە لەخۆیو هەست کردن بەخودی خۆی دوور دەکەوێتەوە.

خەلکانی‌تر، قایل دوور بەوەی کە هەیە (القناعة بما هو عليه) ئەوانە خەسڵەتەکانی مرۆڤن لەو جۆرە سیستەمەدا (خێل).

ئابەو جۆرەو لەسەر ئەوەوتە زندە گرنگی ئایینی لەپرۆسەی بەرۆشنبیکردن و خۆراك پێدانی هزریمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە لە میانی گوتەو پەندو ئایەت خوێندنەوە بەشێوەیەکی ناسروشتی‌و بەبۆنەوەو بێ بۆنە دەردەکەوێت. هەروەها لەمیانی باوەڕ بوون بەبەخت و نزاو پاڕانەوەو جادووگەری‌و باوەڕبوون بە جنۆکەو دێوو چاوزارو پەیوەزی پیاوانی ئایینی‌و شێخە تەریقەتەکان و ئیمامی مزگەوتەکان و مەزاری پیاوچاکان دەردەکەوێت هەروەها چەمکەکانی وەکو چاکەو ئەرك و ماف و دادوەری‌و خۆشەویستی لەگەڵ ڕێنما ئایینیەکان بەیەکەوە نووساوە. هەروەها ڕێزگرتن و شەرەف و شکۆی کەسایەتی. ئەو ڕەهەندو ڕەفتارە زەینیانەی ڕابردوو، بۆتە ئەرێتی بنچ داکوتاو لەنێوان کەسایەتی‌و بوارەکانی ڕزگاربوونی وەکو بەربەستێك دەوەستێ.

لەبەرامبەر ئەو زەینیەتەدا تاك بەکۆتکراوی‌و بێ هێزو توانا دەردەکەوێت ئەو داب و نەریتە پاڵپشتکراوە لەبەهای هەمەلایەنی کەبەرجەستە کراوە لەعورف و یاساو قەدەغەکراوەکان(Taboo) وسیرمۆنیاو ڕێو ڕەسم و تقوسە داسەپاوەکان هیچ هەڵبژاردنێك بۆ تاك ناهێڵێتەوە ئەوە کارێکی ناهۆشیارانەیە.

بەو ڕادەیەی کە مانای خۆدانەدەست شتێکەو قایل بوونە بە جۆرە بارێك کە خۆی لەمل کەچی بۆ کەسێك یا کۆمەڵێك یاهزرێکی تەم و مژاوی، بەرجەستە دەکات.

لەئەنجامی ئەوەشدا تاك لەبیرکردنەوە لەخۆی‌و هەست کردن بەخودی خۆی دوور دەکەوێتەوە.



# بەشی پێنجەم



# ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ڕەهەندی بەهایی

دیاره‌ کە هەر کۆمەڵگەیەك لەڕووی بنیادو پێشکەوتنی گشتی هەل و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە. توێژینەوەی چۆنایەتی تایبەت، خەسلەت و تایبەتمەندی چۆنایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دەردەخات، لەڕێگای تێگەیشتنی بابەتیو تێگەیشتنی نەسازاوە(متناقضات) تایبەتەکان لەنێو جوار چێوەی هەندو هەموو(الجزء والکل) ئامرازەکانی خەبات و تێکۆشان و بەرایی ئەوەی کە پێویستە بایەخی ئاراستە بکرێت لە ئاستی تاك و کۆمەڵ دیاری دەکات.

واقعی ئێستای کۆمەڵگە مرۆییەکان ئەوەی سەلماندووە کەهەر پرۆسەیەکی گۆڕان و سەرنەمکردن ( Modernization ) لەزەمینییەتی تاکەکان دەست پێدەکات، واتە شۆڕش پێویستە لە ناوەوە (تاك) دەست پێدەکات.

کۆمەڵگە ئەوروپییەکان لە ساڵەکانی بەر لەچەرخی بیستەمدا پێشکەوتنی خۆیان بەدی نەهێنا تەنها لەڕێگای زەمینەی هزریو دواتر ئابووری نەبێت.

(بیترۆسلی) لەکتێبەکەی (العوالم الثلاث) دەڵێ:

(بەگوێرەی ئەوروپییەکانی سەدەی نۆزدەم باڵا دەستی کەلتوورییەکان روون بوو: باڵا دەستییەکی گشتی (ژیاری) بوو بەسەر هەمەجیەت و نەفسانە، نەوەك بەتەنها باڵادەستیەکی ئابووری) (٣: ٤٧)

ئەو لایەنە (بەهایی ئایینی)یە لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا بەشێوەیەکی زەق خۆی دەخاتە ڕوو، کەئەویش بەبەردەوامی ئەو خاڵە لاوازە بووە کەوڵاتە کۆلۆنیالەکان بەکاریان هێناوە. تاکو ئێستاش خاڵی لاواز لەهۆشیاریو پێگەیشتنی هەل و مەرجی دەوروبەری پێکە دەهێنێت. پاشماوە کاولکاریەکانی ئەو واقعە لەسەر تاك، وەکو گچکەترین یەکەی کۆمەڵایەتی، وادەخوازێ لە زانا پسپۆڕەکان لەپرۆسەی گۆڕان،کۆششی ڕاستەقینە بکەن بۆ دانانی چارەسەرێکی بەکردەوە بۆ ڕزگارکردنی لەو واقعە.

کاتێك ڕەفتارێکی عەقلانی ژیاری هاوچەرخ ئەنجام دەدات ئەوە بێگومان عەقلانیبوونی کۆمەڵگە دەگەیەنێت،هەروەها ڕۆڵی تاك

یەکو مەڵگە لەسەرەتادا کۆمەڵە چەمك و زاراوەو رەگەزی کەلتووریەوە سەرا
باوەکان لە کۆمەڵگە دیاری دەکات
دکتور قیس نوری، محلی

بەرەو کردنی تاك بۆ خودی خۆیی و بۆ خەڵکانی دەوروبەری و ژینگە سروشتی کەتێیدا دەژێت و بۆ گەردوونی هەستپێکراو بەگوێرەی ئەو شێوەو سەرنجانە دەربوە دەچێت کە لەخودی بەهاکان خۆیانەوە دێنە کایەوە (١٨: ٣٣٨)

تێگەیشتن لەبەهاکان (بەشێوەیەکی وورد) لەبنیادی رەفتارو هزری تاك دەرەو پەڕوی تێگەیشتنی کەسایەتی و رەهەندەکانیمان دەدات، بەڵکو بەرەو لایەنەکانی نایەندەشداو لەواقیعدا ئێمە کاتێك لەگەڵ کەسێك یەکسەکان بەکار دەهاسین یەکەم سەرنجمان بۆ ئەوە دەچێت کەم بڕیاری بەهایی ئاشکراو نائاشکرا لەسەر هەڵوەستەکانی دەربڕین، ئەو راو هەڵوەستانەی کەمەچاکترو نزیکتر دەزانرێت

ئێمە ناتوانین تێڕوانینی واقعی مرۆیی لەخودی خۆمان و خەڵکانی تر بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەئۆرگانیەتی کارتێکردن و کارلێکردن بکەین.

بالێرەدا چەند رێنیشاندەرێکی پەیوەنداری گوزەرانی بەتاك و کارتێکردنی بنیادی بەهایی وەکو نموونە وەرگرین:

**خێزان (Family):**

بنیادی کۆمەڵایەتی کەپێکهاتووە لەسیستەمە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرە بەیەکدا چووەکان، بەهۆکاری بنچینەیی لەو دیاریکردنی رەفتارو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەکۆمەڵ دادەنرێت، ئەوەی لەو بنیادەش لەکۆمەڵگەکەمان بە پلە یەك زیاتر بەناو توێژ (خەمدی) دەجوولێنێ بریتیە لە هزری ئایینی.

خێزان بەگرنگترین سیستەمی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کەکار لەپێکهاتنی کەسایەتی منداڵ دەکات و یارمەتی لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و دەروونی منداڵان و پێکهاتەی رەفتاری دەکات بەگوێرەی رەفتارو بەهاکانی دایك و باوکی. (٢١: ٢٤١)

خێزان وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە لەچەند کەسێک کەهاوبەندی خوێنی راستەوخۆیان هەیەو لەژێر یەک خیوەت دەژیەن و لەلای کەسایەتی کوردی پیرۆزییەکی گەورەی هەیە

خێزان بەبەردەوامی یەکەی شوێنەکی بنچینەیی بووە کەتاک پەنای بۆ بردووە، ئەوەک لەبەر ئەوەی تێرکەری پێداویستیەکانی بووە بەڵکو هەروەها بەهۆی واقعی ئارامیو هەستکردن بە مرۆڤایەتیو هەستی کۆمەڵایەتیەوە بەڵام هەر لەنێو ئەم یەکە کۆمەڵایەتیەدا، پەیوەندی نێوان دوو دامەزرێنەرەکەی (ژن و پیاو) پەیوەندییەکی ناهاوتا بوو بەگشتی ئەو حاڵەتە لە رابردووی دوور بەم جۆرە نەبووە

توێژەر لەژیانی کۆمەڵایەتی کۆنی کورد، بەرەو رووی چەشنە پەیوەندییەکی هاوسەنگ و هاوتا دەبێتەوە لەنێوان ئەندامانی خێزان کەدەرئەنجامی ژیانی گوزەرانی شاخاوی بووە لەسایەی ئەبوونی کۆیلەداری لەو کۆمەڵگەیە کەسەکان بەگشتیو ئافرەت بەتایبەتی چەرمەسەری پاشکۆیەتیو مل کەچیان نەچێشتووە

ئافرەت سەربەستی هەبووە لەژیان و شووکردن و کارکردن و ئامادەبوونیشی هەبووە لەژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەیو رادەربڕین و بەشداریکردن لەژیانی کۆمەڵایەتی.

لەگەڵ گۆرانکاریە کەلتووریەکان یا بەمانایەکیتر لەگەڵ هێرشی کەلتووری (الغزو الثقافي) بۆ چەشنی کوردی، (للنمط الكردي) تێروانین بۆ ئافرەت گۆڕاو بووە هاوڵاتی پلە دوو، لەپێناو پیاو دروستکراوەو لەپەراسووی ئەویش دروست بووە، کەم عەقل و کەم ئایینە، هیچ جۆرە جەماعەتێکی نیەو ناتوانێ بەبێ سەرپەرشتیارێك (ولی) هاتووچۆ (سفر) بکات .. لێرەوە هەموو پیرۆزیو مەزنایەتیەك بەرەگەزی نێرینە پەیوەست بوو، هەموو گلاو چروکیەکیش بەرەگەزی مێینە.

دەبا لەپرۆسەی پێکهاتنی خێزان راهێنن و چۆن پیاو بەسەر هەڵوەست زاڵ دەبێت و ئافرەت/ داش (واتە داشی دامە یا شەترەنج- وەرگێڕ) لەبارێکی نەبزۆك و چاوەڕێکەر دەوەستێ:

بەڵام ئەو ئافرەتانەی کەخاوەن‌بووی ئیمانی بەخشینەوەیە لەبەخشینەکانی دەبینرێنەوەو مرۆڤاری ڕەوت کردنی دەدات، باوەڕ یا ترا کەسێک لەجیهانی بەسەرئەنجامدا قبوڵ دەکەن. بۆ نموونە (پیاوی شایەن) بەکارە دەقاقیدیەکانی دەخەنەسەر لەپرۆسەی وەرگرتنی سەرخوانی کردن و چاودێری لێ دەپانەکە.

لەم بارە بۆتە هۆی دواکەوتوویی ئافرەتی کوردەو کەوتنە دوای زیاتر لەپیاو، بۆ ئەنجامدانی پرووپووچیەکان.

سێکس (١٩٩٦ :٢٢)

زۆر لەکارلێکردنەکانی فرۆیدیزم لەجەخت کردنە سەر سێکس وەکو هۆکاری دیاریکراو سەرەکی لە ژیانی مرۆڤ و دانانی بەچالاکیەکی زاڵ یا ئاراستەکراو. سێکس گرنگیەکی زۆری هەیە لەژیانی مرۆڤدا، وەکو دەتوانین بڵێین کە تەنگژەی دەروون (دەرکەوتنی تووڕەبوون و ناڕێکی‌و هەڵچوون) پێک دەهێنێت لەکۆمەڵگەکەمان لەڕووی شوێنی لەدیاریکراوەکانی بەهایە غەیبیەکان و لەنێوان وەرگرتنی ڕێڕەوی سروشتی خۆی.

ژیانی سێکسی مرۆڤ دەوەستێتە سەر وزەی بایەلۆژی وەکو هەر وزەیەکی بایەلۆژیتر کە ژیانی مرۆڤ دەجوولێنێ‌و وزەی پێدەبەخشێ‌و چالاکیەکانی ئاراستە دەکات... دەرهاویشتنی سروشتی ئەو وزەیە پێویستە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی بایەلۆژی تەواو لەژیانی تاک و بەندکردنی ئەو وزەیە یا بەرلێگرتنی یا دەرهاویشتنی خراپی دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی بایەلۆژی ئەو تێکچوونە بەوەی کەبوونەوەرێکی مامەڵکەرو ئاوێتە بووە لەگەڵ دەوروبەری (١٣: ٢٠)

سیستەمی گیانی‌و مەعنەوی ناوەرۆکی ئەو ڕەهەندە خۆڕسک و سروشتیەی لەدەست داوە.

تەنگژەی جەستە- سێکس، تەنگژەی مرۆڤی جیهانی دواکەوتووی شاراوەیە کە لەژێر باری سیستەمی گیانی‌و هزری‌و غەیبی‌و پاشکۆوە دەژێت. تەنگژەیەکە لەنێوان پێداویستیەکانی جەستەو ئەرکەکانی

لەنەفسی ئادەمی دروست دەبوە کەهەر داواکاریەکی جەستەیی بەئازەلی و قیرەوی دادەمرێت

بەسیفەتی ئەوەی (پێشوو) پسپۆڕی کۆمەلایەتی بووم لەقاوشی دەروونی زۆر نەخۆشە دەروونیەو حالەتەکانی (ماریگی کەسایەتیم) بینی کە لەدەرئەنجامی رەحمەتی گومجاندنی نێوان پێداویستیەکانی جەستەیی سێکس و بەربەستە ئاینییەکان دروست دەبوون، بۆیە دێت گەنجێك هاوسەنگی عەقلی تێك چووبوو بەهۆی هەست کردن بە (گوناه) کە لەئەنجامی خۆتەشوشتن دووچاری هاتبوو لەدوای (٢٤) کاتژمێر لەهو پیس کردنی (خەوبینیی سێکسی) کەخۆی بەچەپەل و ناشایستەی ژیان دەزانی

**پەروەردەو کەلتووری گشتی:**

پەروەردە ئامرازێکی دینامیکی پێشکەوتووە بۆ گواستنەوەی شارستانی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر

پەروەردە لەکۆمەڵگەی کوردەی بەگشتی بە قالبی نەگۆڕو ئامادە جیادەکرێتەوە، کە خزم و نوێنەرانی قوتابخانەو دەستەو پێشڕەوەکان (بەتایبەتی پیاوانی ئاینی) لەرێگای گوشارو زۆر بۆ هێنان پێی هەڵدەستن لەبری فێرکردن و تێگەیاندن کە پشت بەلاسایی و پێگوتن دەبەستی

لەگۆکردن (تلقین)دا بەهاکانی کۆمەڵگەو نەریتە نەگۆڕەکانی لەرەوتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر بۆ ناخی پێکهاتەی زەینی تاك دەگواسێتەوە ئەویش بەنۆرەی خۆی دەبێتە جۆرە سیستەمێکی رەفتارکردن کە زۆر جار تاك ماناو پاڵنەرەکانی نازانی، ئەویش خەسڵەتێکە پێویستی ئەو شێوازە هزرییە کە لەسەری وەستاوە، کە ئاینییە.

ئەو گوشارەی کە دووچاری منداڵ دەبێتەوە ساتێك لەساتەکانی ژیانی هەر بریتیە لەگوشاری ژینگەی کۆمەلایەتی کە هەوڵ دەدا شێوەمۆرکی تایبەتی خۆی پێوە بنووسێنێ.

مامۆستا (دکتۆر قیس نوری) دەڵێ:

لەشی ئافرەتی دروست بووە کەچی دواکارییەکانی جەستەیی محارمی فیرعەونی دەکەوێت

بەسەرهاتی ئەوەی پێشوو: بەسەرچوونی کۆمەڵایەتی بووە لەکارخستنی دەروونی زۆر بەهۆی دەروونی و حاڵەتەکانی ناڕێکی کەسایەتییە چونکە لەدەرئەنجامی رەفتاری کۆمەڵایەتی نێوان پەیوەندییەکانی جەستەیی سێکسی و بەرەنجامە نایەکسانییەکانی دروست دەبوو، بۆیە دەبێت کەسێک هاوسەنگی عەقڵی تێک چووبوو بەهۆی هەست کردن بە گوناه، کە لەئەنجامی خۆتەشوێشێکی دووچاری هاتبوو لەدوای ٢١ کاتژمێر لەدوای پەس کردنی خەرجێنی سێکسی کەخۆی بەچەپەڵ و ناشایستەی ژیان دەزانی.

**پەروەردەی کەلتووری گشتی:**

پەروەردە ئامرازێکی بنچینەیی پێشکەوتووە بۆ گواستنەوەی شارستانی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر

پەروەردە لەکۆمەڵگەی کوردی بەگشتی بە قاڵبی نەگۆڕ ئامادە جیادەکرێتەوە، کە خێزان و قوتابخانەی بەستەی پێشەوەکان (بەتایبەتی پیاوانی ئایینی) لەرێگای گوشارو زۆر بۆ هێنانەدی هەڵەمان لەبری فێرکردن و تێگەیاندن کە پشت بەلاسایی و پەیگۆڕ دەبەستێ

لەگۆکردن (تلقین)دا بەهاکانی کۆمەڵگەو نەریتە نەگۆڕەکانی لەرەوتی ئامادەکردن لەگەڵ دەوروبەر بۆ ناخی پێکهاتەی زەینی تاک دەگوازرێتەوە ئەویش بەشێوەی خۆی دەبێتە جۆرە سیستەمێکی رەفتارکردن کە زۆر جار تاک مانا و پاڵنەرەکانی نازانی، ئەویش خەسڵەتێکە پێویستی ئەو شێوازە هزرییە کە لەسەری وەستاوە، کە ئایینە.

ئەو گوشارەی کە دووچاری منداڵ دەبێتەوە ساتێک لەساتەکانی ژیانی هەر بریتییە لەگوشاری ژینگەی کۆمەڵایەتی کە هەوڵ دەدات شێوەمۆرکی تایبەتی خۆی پێوە بنووسێنێ

مامۆستا (دکتۆر قیس نوری) دەڵێ:

،خەڵکی سەرسەرە کۆش دەکرێت لەسەر پێوەری کۆمەڵایەتییان هەر ئەساو ئەوە. ئەو ڕەفتارەش لەسەر ئەو پێوەرانە دەکات چەند دەبێتە کۆمەڵایەتییەک کە پشتی پەیوەست بێت بۆ پێکهێنانی دۆخی کەسایەتییەکانیان (٧، ١٧، ٦٢).

پەروەردە لەکۆمەڵگەی کوردی بەکۆتەی کۆمەڵێکەوە لەسەر واقعی بەرەکییەکانی دەوروبەری ئاک زیاتر لەواقعی ناوخۆیی کەخۆی لەدەست و سۆزو حەزو ئارەزووەکان دەرجەستە دەکات.

کاری کۆمەڵایەتی سەرقی جێبەجێکردنی چاکتر دەچوولێنەی، ئەویش لەچوارچێوەی نۆرە لێکردنی دیاریکراو لەڕێگای پاشماوەکانی کۆمەڵگەکەی و بنیادی باو دەکات (٧، ١٢٤).

ئەگەر کەلتوور سەدیاریکراوی بریتی بێت لەسیستەمی بەها بنچینەییەکانی کۆمەڵگە، ئەوە بنیادی بەهایی شایەنی باو لەناو جەماوەری کوردی بریتییە لەنێوانێی کەلتووری ئاکی کوردە نەتەسەکانەن و هەڵوەستە هێزییەکان لەبەرامبەر دیاردەو ڕووداوەکانی دەوروبەری واتە لەچوار چێوە کەلتوورییە گشتییەکەی سەرجەم هاوڵاتیان.

لەم چەند ساڵەی دوایی، کەلتووری بێگانە ئامادەبوونی خۆی هەبووە لەسەر گۆڕەپانی کەلتووری کوردەی، کەبووە ڕوانگەی ئاک و جەماوەری کە لەدژی کەلتووری نەرێنگەری وەستاوە، بەڵام نەیتوانی بنکەی جەماوەری خۆی فراوان بکات لەژێر باری نەبوونی بنکەی مادی و ڕێکخراوەیی، دەسەڵاتی شۆڤێنی بەغدا پەرەی سەند بوو لەپێکهاتنی کەلتووری نەتەوەیی، هەروەها گەلی کوردە بێبەری بوو لەوەرگرتنی مێژووی شۆڕشگێڕی خۆی، بۆیە بەدرێژایی دەیان ساڵە بەئامۆژی و پاشکۆیی لەبەرنامەی پەروەردەیو هێزی لەواقعی خۆی مایەوە.

بەهاو مەبەستەکان گوزارش لەو هەل و مەرج و بارە لەئارابووانە دەکات لەژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسی شارستانیەتی مرۆڤ و لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی ئەو هەل و مەرجانە دەگۆڕێت، بەڵام

کەسایەتی کوردی ئەم جۆرە گۆڕانەی بەخۆیەوە نەبینیوە لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالی کلاسیکی

**خود : self :**

تەنگژەی مرۆڤی کورد لەکۆمەڵگە، تەنگژەی خودە، ئەو لایەنە تاریک و لەنێو چووەی نێوسیستەم و ڕێسای دیاریکراوو ئەرك و بەهای دیاریکراو

بەشێوەیەکی گشتی گیانی هێگەل زاڵە. سیستەمی مەعنەوی لەجیاکردنەوەی ڕەهەندی مەعنەوی (بەهاکان، نموونەکان (مثل)، پێوەرەکان و نێوان ڕەهەندی سروشتی (ئارەزووەکان، ڕەمەکەکان، پێویستییەکانی تر) بەشێوەیەك تاکی داماڵیوە لەخودی خۆی وەکو ئامرازێکی بەڕێوەبردراوو فەرمانپێکراو

دەسەڵاتی بەعسیش بەدرێژایی ساڵانی فەرمانڕەواییان کۆششی تواندنەوەی خودی کوردی یان کردووە لەسەرجەمی پاشکۆی خۆی و بێبەشکردنی بەهەموو ئامرازێك لەبیرکردنەوەی خودی سەربەخۆ

## بەکورتی :

شێواندنی بنیادی بەهایی - ئایینی داسەپاو بەدرێژایی سەدەکانی خودی کوردی، کۆششکردنی دەسەڵاتی بێگانە بۆ ڕێگەگرتن لەهەموو کەناڵێك کە ببێتە هۆی دەرچوون لەو چوارچێوەیە، بۆیە کەسایەتی کوردی لەواقعی خۆی بەنامۆیی مایەوە.



## بەشی

## شەشەم



# بنیادی بەهایی‌و ئایینی‌و هۆکارە دژ بەیەکەکان لەکەسایەتی کوردی

بەهاکان لەسەرەتادا بەرهەمهێنەکی کۆمەڵایەتین ئەوەك کەسی
دادەهێنرێت کاتێك ئاك بەهایەکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێ یا پەیوەست
دەبێت پێی لەسەرەتادا بەهەڵبژاردن و هاوبەندییەك دادەنرێت کە لەسەر
ویستی خودی وەستاوە ئەو رەهەندەی کەویستێکی کۆمەڵایەتییە کە
کۆمەڵگە بەچاکی دەزانێ و دەست خۆشی لێدەکات

بەهاکان بەهۆیەکەی پێشکەوتنی رەهەندی مرۆڤی ڕووت ( ئەبستراکت)
دەبەزرێنێت گەورا لەرێگای هاوسەنگی نێوان عەقل و کارو بەهاو
ئامانجەکان. گەورەی لەواقعی ژیانی مرۆڤایەتی کردووە زیاتر رێك و زاڵ
بێت بەسەر واقعی ژیانی مرۆڤایەتی کردووە. ئەویش بەهۆی
پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی سەری هەڵداوە لەگەڵ ئەو (تحد)
یانەی کەدەوروبەری داوە. بەهاکان ئاڵۆز دەبوون و دەگۆڕان بەوەی کە
گەڕانەوەی هاوسەنگی و ئارامی بۆ ئەو مرۆڤە مسۆگەر بکات

ئێمە ناتوانین مرۆڤ لەعەقل و مەرجی دەوروبەری جیابکەینەوە، کە
بەو هۆیەوە لەدایك دەبێت و گەشە دەکات و پێش دەکەوێت و
پەرەدەکاتەوە، وهۆشیاری بەهایی لەو ڕێگایەوە دێتە کایەوە

(زۆر پێویستە لەئەزموونی مرۆڤایەتی لەپلە جیاجیاکانی بگەین،
وەکو ئەزموونێکی بەهایی، ئەو بەهایە یا ئەویتر، بەکردەوەکانمانەوە
بەندن، واقعمان پێدەبەخشن و ماناکەشی لەدیدمان جێگیر دەبێت )
لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەروەکو (بیخۆفیسکی) دەڵێت:

(ناتوانین لەکۆتەکانی کۆمەڵ ڕزگار بین ، تەنها ئەگەر
لەمرۆڤایەتییەکەی دامالرێت ) (٢٠ · ١٥)

بۆیە بەرجەستەکردنی کۆمەڵگە بۆ کەسایەتی ئەندامەکانی بەبەهاو
هەڵوەستەکانی حاڵەتێکی هەربوونەکی(حەتمی)یەو ڕزگاربوونی بۆنییە.

مێژووی مرۆڤایەتی نەگەیشتۆتە ئاستی ئێستای لەپێشکەوتن تەنها
بەکرداری گۆڕان نەبێت لە بنیادی هزری و بەشێوەیەکی بەردەوام و دواتر
لەسیستەمی بەهای باو

بۆ نموونە ژاپۆن! ماماڵ! نەیدەتوانی پێشکەوێ ئەمی لەخۆگرتنی بەهای کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و لەسایەی ئامادەنەبوونی ئەوەی دەبێتە بەربەست لەگۆڕان و کۆشش کردن بەرەو چاکتر. هەروەها بەگوێرەی ئەورووپابییەکانی چەرخی نۆزدەم، باڵا دەستی کەلتووریان بەرچاوو بەرەمتی بوو

ئەگەر بەهاکان وەکو هاوبەندییەکی مرۆیی ئەتوانرێت دەست مەرداری لێمکرێت. گونجاو تره بۆی کە بەپێی پێداویستی و هەل و مەرجەکان بگۆڕێت، بنیادی بەهایی خراوە ڕوو لەژیانی هاوچەرخیمان بۆ ماوەی چەند سەدەیەکە بەهیچ جۆرێک خزمەتی کۆششەکانمان ناکات لەبەسەربەمکردنی مرۆڤی کوردی و گەیاندنی بەرەوڕەوەی شارستانی پێشکەوتوو

نیشانە سەرەکییەکانی ئەو کەسایەتیە چیە؟

**یەکەم:**

بنیادی بەهایی تاکو ئێستا، قورساییەکی گەورە لەسەر واقعی هزری مرۆڤی کورد پێک دەهێنێت، کە ئەویش بەگشتی سۆزی ئێجگار قووڵ و بەناخ دا چووە لەواقعی جەماوەری کوردی. تاکو ئەمڕۆ بەشێکەی جەماوەری لەقۆناغی بەر لەزانستی دەژێت، ئەو قۆناغەش نەگۆڕی و مت بوون و ئاسۆ تەسکی و سەیرکردنی ڕاستیەکان بەتێڕوانینێکی ئەزەلی-غەیبی دەگەیەنێت

**دووەم:**

سوود وەرنەگرتنی تەواو لەئەزموونەکانی ڕابردوو، و گێڕدەو پاشکۆیەتی و هۆکارەکانی لێکترازان

**سێیەم:**

تاکی کورد لەواقعی نەتەوەیی و مێژوویی و خودی وەکو مرۆڤی کورد نامۆیە، بەو ئەندازەیەی کە جەخت و بایەخ بە جیهانی هزری ڕووت

(مجرد) و غەیبی دەدات. بۆیە ئەو دوورە لە پابەندی کەسیی و نەتەوەیی و دیاریکردنی مطووسطتە سەربەخۆکانی بەرامبەر دەوروبەری گۆڕاو، دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لەخەفەکردنی نیارو ئارەزووی کەسایەتی لەسەربەخۆیی و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین و سڕکردنی لەدەرخستنی سۆزە خۆییە ڕاستەقینەکان

چوارەم:

ئاکو ئێستا پابەندی ئاینی بەهێزترە لەپابەندی نەتەوەیی و نیشتمانی

دەسەڵاتی شۆڤێنی بەردەوام ئەو پابەندییەی پتەو کردووە، بۆیە خودی کوردی گیرۆدەی دابڕان لەنێوان وەرگرتنی سەربەستی و سەربەخۆیی خودی و نەتەوەیی و نیشتمانی و نێوان مل کەچی بۆ دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر و کەرتی سەلەف مایەوە

کێشەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کەسایەتی کوردی بریتییە لەبنیادی بەهایی دواکەوتوو، ئەو بنیادەی کە لەچوارچێوەی نەگۆڕاو دیاریکراو بیر ئەسکی دەدۆزێت، لەو کاتەی ژیانی هاوچەرخ و ئاستی بیرکردنەوەی ڕووت و داهێنەری دینامیکی لێ داوا دەکات.

گەیشتن بە ڕاستییە وەستاو هەمەلایەنەکان، ئاسوودەیی دەبەخشێتە مرۆڤی قەدەری، وەمرۆڤی قەدەری بەردەوام حەز بەهێشتنەوەی یەك شێوە نەگۆڕی سەرجەم دیاردەو شتانەی لە ئارادایە دەکات

---

- تویژەری ئەم بابەتە لەتوێژینەوەیەکی تر لەگەڵ سەد کەسدا ئەنجام داوە کە ٦٤٪ پیاو ٣٦٪ ئافرەت بووە لە تەمەنی ٢٠-٥٠ ساڵیان تێدابووە پاش وەڵام وەرگرتنەوە بۆی دەرکەوتووە کەسایەتی کورد بەرەو علمانیەت دەڕوات و دەست بەرداری ئاینیش نابێت و کۆمەڵی کوردەواری هێشتا نەیتوانیوە لەڕادەکانی دواکەوتوویی فکری (عنزی) دەرباز بێت کە لەژێردا دەسەڵاتی و مرۆڤی ڕۆشنبیری کورد لەژێر مەترسی ڕۆژگاردا نازانێت چی بکات و لایەنی ئاینی پتر لەلایەنی نیشتمانپەروەری گرتووەو کەسایەتی کورد لەگۆشەگیریدا دەژێت لەگەڵ چی لەناو کۆمەڵێکدا دەژێت بەردەوام لەژێر کارتێکردنی مێژووی کۆمەڵایەتی کەسایەتی کورد زۆر پەیوەندی بەسروشت و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە بووەو ئەوەندە گۆڕانی ئێنەکەوتووەو نایە، کاریکی زۆری تێکردووەو باوەڕی بەئەفسانە هەبووە
گۆڤاری لەسەر کەسایەتی کورد، دووشەممە ٢٠ نیسان ١٩٩٠

(وەرگێڕ)

ئەوەش دۆگماییو ئەگۆڕیو کۆنەپەرستی دەگەیەنێت. بەڵێنێکی قورس کەوتوتە ژێر باری ئەو جۆرە تێڕوانینە، وەکو ئەو جۆرە بەهایانە جێگای دەمالین و پاشکەوتنە بۆ ڕووەکانی مرۆڤی کوردی.

ئەگەر لەدەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا، تاك نرخ و بەهاو بایەخ و بڕیارو ڕەفتارو جۆری بیرکردنەوەی بەپێی ئەو شوێنەی کەهەیەتی لەدەستەی کۆمەڵایەتی. تاك لەکۆمەڵگەکەماندا تەنها بە گوێرەی چوارچێوەی بەهایی گشتی دەجووڵێتەوە.

هەندێك لەتوێژینەوەکان ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەکەسایەتی ڕوویانداوە بەپێی گۆڕانکاری سیستەمە کلاسیکیەکان (سیستەمی نێو گۆیی، وکۆیلەداریو دەرەبەگیو سەرمایەداریو سۆسیالیزمی) دابەش دەکەن. لەڕووی ئەوەی هەر قۆناغێك لەو قۆناغانە کەسایەتیو بەهای خۆی هەیە و لەڕووی کە هەر قۆناغێك جووڵەیەکی شارستانی شۆڕشێکە یا گۆڕانێکی پێشەیی لەواقعی کەسایەتیو پێداویستیە تاکو گشتی یەکان، بەلام ئەوەی تێبینی دەکرێت کەسایەتی کوردی لەسەر یەك ژێ (وتس) بەدرێژایی چەندین سەدە ڕۆیشتووە لەنێوان یەك چوارچێوەی بەهایی، ئەویش زەمینەی جێگیری ئەو سیستەمە بووە.

ئەوانەی دەڕواننە پێشکەوتنی ئابووریو تەکنەلۆژی وەکو مەرجی پێشینە بۆ پێشکەوتنی کەسایەتی، ئەوانە بەهەڵە چوونە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی میتۆدێکی پەروەردەییو کەلتووری نوێو هەمەلایەنەی بکەن و سەرکۆنە (ادانة)ی چەشنی بەهایی باو لەزەینی مرۆڤی کورد بکەن.

مەرجی پێشینە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤی کورد بریتیە لەسەر لەنوێ چاوخشاندنەوە بەچەمك و بەها کۆن و بەجێماوەکان

بەتایبەتی ئەوانەی نرخی مرۆڤ هەرزان دەکەن وەکو هەڵگری بەهاکان

کەسایەتی کوردی لە قۆناغی مێژووی درێژی خۆی ئەوەندەی وەرگری لە بەها دەرەکییەکان و پەیوەست بەئایین و شەرەف و خێڵ کردووە، زیاتر لەوەی بەرگری لەمرۆڤ و کۆمەڵگەو مێژووی نەتەوەیی بکات

بەهاکان ئامرازن وەکو هەر ئامرازێکی تر کە مرۆڤ دروستی کردووە بەمەبەستی بەختەوەری. بەڵام بۆتە ئامانجێک بۆ خۆی بەم جۆرە مرۆڤ لەتوانای گۆڕانکاری کراوە.

هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی کاروباری مرۆڤی کوردیو بەسەردەمکردنی خۆیو دروستکردنی (من)ێکی تازە، ناتوانێ بەشی سەرکەوتن بێت دوور لەتەقەڵای گۆڕان لەبنیادی تیۆری هزریو بەهایی ئەو مرۆڤە. شوێنی ئافرەت لەنزمی ڕۆشنبیریو تەسکی بەشداریکردنی ژیانیو ستەملێکردنی لەلای مێردیو کوڕی، پاشماوە پەروەردەییە خوارو خێچەکان هەر لەمنداڵییەوە، وا دەردەکەوێت کە زیاتر پارێزگارە لەسەرجەم نیشانە نەریتییەکانی ڕابردوو.

ئێمە لەدوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١، لەو هۆشیارییە نەتەوەییە پەرەسەندووەی کە باڵی بەسەر کوردستان کێشاوەو دامەزراوە شۆڤینییەکانی لەکوردستان هەڵتەکاندووە، ئەوە پێویستە لەسەرمان لە جیهانی گۆڕاوی خێرا، ڕووبەڕووی واقعەکەمان ببینەوە کە لەڕێچکەو نەریتەکانی ئێستاو چوارچێوەی چاوگەکانمان و چەمکە کۆنەکان خۆی دەنوێنێ.

## بەشی

## دووەم

# کۆمەڵگەو بنیادی سیاسی

# لەکەسایەتی کوردی

ڕۆڵەکەدا سەبووەنی کۆمەڵگەی کوردیەو زاڵ بوونی خەسڵەتی ئاسیایی بۆ بەرهەم هێنان بەدرێژایی سەدەکانەوە. ئەکەلۆژیایەکی کشتوکاڵی دواکەوتوو بوونی ئاوو زەوی کشتوکاڵی - جێگیربوونی ڕێژەیی لەبنیادی سەرخان. بەتایبەتی دوای ١٦٤٠ز. بنیادی بەهایی ئایینی بەکەسایەتی کوردە نووساوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانە. کاریگەری هێزی میتافیزیکی، قایل بوون. زاڵ بوونی بەهای ڕەوتو بێگانە بەسەر بەهای ڕێژەیی و نەتەوەیی، یا بەمانایەکی تر زاڵ بوونی هەستی ئایینی بەسەر هەستی نەتەوەیی هەموو ئەمانە لەلایەکدا. لەلایەکی ترو لەسەر ئاستی ڕەهەندی سایکۆلۆژی ئەو خوونە بەسادەیی و خۆ بەخشکردن و بەخشندەیی و ڕووخۆشی و دڵ نەرمی و ڕێزگرتن لە خەڵکی تر بەپلەی خۆ نەویستی، ڕێگای پێشکەوتن و گۆڕانکاری لەکەسایەتی کوردی گرتووە. داپڵۆسینەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکانەوە ڕۆڵیان لەپتەوکردنی ئەو ڕەهەندە نەرێنییە (سلبی) یەی ئەو کەسایەتییە بینیوە. بۆیە دڵ کەچی و داپڵۆسین و ستەم لە گەڵ ڕۆیشتن (مسایرة) وکەوتنە دوا (الانقیاد) بەدرێژایی مێژوو (بەشی ئەو کەسایەتییە بووە - وەرگێڕ)

هەرکاتێک هەستی بەستەم و ئازارکردبێت، کاردانەوەی ئەو کەسایەتییە سادە نەبووە، هەر لەو کاتەی کە داگیرکەران خاکیان گڵۆکردبێت، چەکی بەرگریکردنی لەسەر شان نەهاتۆتە خوارێ: هیچ ڕۆژێکیش دەست درێژکەر نەبووە، (دکتور جرجیس جبرائیل) لەم بارەیەوە دەڵێ:

(هیچ ڕۆژێک داگیرکەر نەبووە، ئەوان لەسایەی خێروبێری وڵاتەکەیان و بەرووبووم و دەرامەتیان. بەڵکو بە مۆسیقاو گۆرانییە

بوەرەکانیان یا چیرۆکەکانی خۆشەویستیان لە خۆمایشەبوون (٥١: ١٤٦)

هەروەها ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەپاڵپشتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی وڵاتانی ئیسلامی دژی بوونی کۆلۆنیالو دەسەڵاتیان لەناوچەکەدا.

کوردەکان بە ئەندازەیەکی گەورە بەشداریان لەجووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلانی تورکیاو ئێران و وڵاتانی عەرەبی کردووە دژی کۆلۆنیالەکان و هەروەها بەشداریان لەبەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لەعێراق لەساڵی ١٩٥٨ کورد پاڵپشتی لەشۆڕش کردو پەیامەکەی هەڵگرت[*]، بەڵام بەشیان بێجگە لەکاولکاریو تێکدانی کوردستان چی تر نەبووە. بەم جۆرە هەمیشە پاداشتیان بەم شێوەیە لەبەرامبەر ئەوانەی دڵنیاییو پاڵپشتیان کردوون لەڕژێمەکانی دەوروبەرو داگیرکەری کوردستان.

(حکومەتی قاسم لەدژایەتیکردنی گەل کورد هەمان ئامرازەکانی ڕژێمی پاشایەتیو بەهاریکاری ئینگلیز گرتەبەر بۆ لەنێوبردنی ڕاپەڕینەکانی کورد کە لەساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ دەستی پێکرد، وبەهەمان شێوەی (نوری سەعید) قاسم بە شێوەیکی سەرەکی پشتی بەناکۆکی نێوان خێڵەکان دەبەستا.) (١١: ٧٦)

---

[*]سەرجەم گەل کورد بەحزب و سەرەك خێڵ و جەماوەرەوە پێشوازی گەرمیان لەشۆڕش کردو هەموو هێزو تواناکانیان خستە بەردەست ڕژێمی کۆماریو زەعیم عبدالکریم قاسم، تەنانەت لەهەوڵی کودەتای شەواف لە ١٩٥٩، چەکدارانی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵی کاریگەرو یەك لاکەرەوەیان بینی لەسەرکوتکردنی کودەتاکە لەشاری موسڵ

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

اوریل دات، العراق في عهد قاسم، تاريخ سياسي(١٩٥٨-١٩٦٣)، نقله الى العربية وعلق حواشيه: جرجيس فتح الله المحامي، الجزء الاول ، دار نبز للطباعة والنشر، ١٩٨٩ السويد
وەرگێڕ

(قاسم لەکوردی دوو سەعس لە سالی ١٩٦٣ هات و بەکرەوە سەرمارەیە نیزامیەکان نەوەستا بەلکو سووتاندن و کوشتن و دەست درێژکردنە سەر ناموس و راوشانی خەلکی مال بە مال لەشارە کوردنشینەکاندا.

لەدوای ئەوان (عبدالسلام عارف) هات بۆ ئەوەی کوشتن و قڕکردنی گەلی کورد تەواو بکات. ئەو بەزاری خۆی دەیگوت (ئێمە هیچ بستە خاکێکی وڵاتەکەمان نابەخشین. نیشتمانی عەرەب بۆ عەرەب دەمێنی) (١١ ١٣)

چەوساندنەوەی عەرەبی بۆ کورد بەدرێژایی حوکمی دەسەلاتدارەکانی بەغدا بەپاڵپشتی فراوانی عەرەبی و وڵاتانی تری خاوەن بەرژەوەندی لەناوچە کوردیەکان هەربەردەوام بووە.

دەسەڵاتدارانی فاشستی بەردەوامبوون لەپرۆسەی کاولکردن و کوشتنی گەل لە دوای ١٩٦٨ و گەیشتنە لوتکەی لەسالی ١٩٧٥، بەشێوەیەکی لەسەرە خۆ پەیتا پەیتا بەپێی سیاسەتێکی نەخشە بۆکێشراو هەمەلایەنی. لەدوای ئەو مێژوو و تاکو کاتی لەنێوبردنی قەوارەی کوردی بەکاولکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی زۆرەملێ و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژ قەدەغە کراوی نێو دەوڵەتی، هەموو ئەمانە لەچوارچێوەی بارنەیەکی تەواو بۆ سڕینەوەی کەسایەتی کوردی و کۆتایی هێنان، هەروەکو لەنەریتی فاشیەکان پێی دەڵێن کێشەی کورد لە خاکی عەرەبی.

عەرەبەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێزیان لەهەست و سۆزی کورد نەگرتووە، هیچ خۆشەویستی و ڕێزێکیان بۆ نەبوونە، بەپێچەوانەی ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن، بانگەشەی ئایینی ئیسلامیان کردە پەردەیەک بۆ

بەدەست دەرنەکردنە سەر مافەکانی گەلی کورد هەر لەدەستپێکی فتوحەکان (٤١ : ٣٦)

ئامرازە خوێناوییەکان نەیانتوانی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ئەو میللەتە بوەستێنن و پەنایان بۆ دروشمی دریقەدارو بەسۆز برد وەکو:

برایەتی کوردی - عەرەبی و خەباتی عەرەبی - کوردی، یا مێژووی عەرەبی - کوردی هاوبەش، یا هاونیشتمانییەکی پێشکەوتوو، یا یەک نیشتمانی جوگرافی، یەکێتی کۆمەلایەتی لەسەرووی چەمکی کەمینەو زۆرینە، ئەو برایەتییەی کە بۆ کورد بێجگە لەکوشتن و کاولکاری چیتری لێ نەبوتەوە

هەروەها دەسەلاتی بێگانە لەئێستای دوورو نزیک بووە ڕێگر لە سوودوەرگرتنی کوردەکان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەولەتی تایبەتی خۆیان و بووە هۆی پاشکەوتنی ئابووری و کەلتووری و سیاسی و جۆرەها بێبەش بوون و ئێش و ئازار. (٢٠ : ٢١)

لەسی سالی ڕابردوو، کورد بەنزمی مامەلەکراون و لەلایەن بەریتانیاو ڕووس و ئەمریکییەکان بەلاوەنراوون، کوردەکان ڕێگایان بەخەلکی تردا کە گەمەیان پێبکەن وەکو سەربازی شەترەنج لە کێبرکێی شەترەنجی گەورەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەروەها ئاواتی ئەوەیان هەبوو سەربەخۆیی خۆیان وەکو کورد بەدەست بهێنن، هەر هێزێکیش بەلێنی سەربەستی پێدەدا لەو کاتەی کەکارەکانیان تەواو دەبێت. (٣٣ : ٧١)

لەگەل دابەش کردنی نێودەولەتی کوردستان، کەسایەتی کوردی سەرتاسەری کەرتبوو، لەهەر پارچەیەکدا کەسایەتی ڕووبەڕووی جۆرە سیاسەتێکی داپلۆسین و تواندنەوە هات، (ئەو پارچە بوونە جێگیر بوو،

هەر پارچەیەکیش ڕووبەڕووی سیاسەتێکی دەوڵەتانی داگیرکەر بوونەتەوە بەمەبەستی لەنێوبردنی گەلی کوردستان و قبوول کردنەوەی لێک ترازانی نیشتمانیی و نەتەوەیی. لەپاڵ لێک ترازانی خێڵەکیی و مەزهەبیی و ئایینیی و نەتەوەیی لەژێر دەسەڵاتی سەرمایەداری داگیرکەر، پەیڕەوی تواندنەوەو لەنێوبردنی درا لەڕێگای ئامرازی تیرۆری سپی) (٢٤: ٣٦)

حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەبەردەوامی لەداواکارییەکانی گەلی کورد ترساون. لەپێناو نەهێشتنی ئەو داواکاریانە چەندین پەیمانیان لە نێوان خۆیاندا مۆر کردووەو کۆششی دیپلۆماسیی و جەنگیان یەکخستووە. لەو داواکاریانە، مافی لەبەشێکی یەکسان لەداراییی ئەرزی دەرهێندراوی کوردستان، وەرگرتنی خوێندن و بڕوانامە یا قسە کردن بەزمانی زگماک بەسەربەستی یا پەیڕەوکردنی مافە نەتەوەییەکانی (٣٣: ٣١)

دەکرێ قۆناغەکانی پێشکەوتنی کەسایەتی کوردی بکرێتە سێ قۆناغ هەر قۆناغێک پاشماوەی خۆی هەیە لەچەشنی کەسایەتیی و باردانی چۆنایەتی لە قۆناغێکی تازەوە بۆ قۆناغێکی تر، بەڵام لەسەر یەک ئاستی گۆڕانکاری نەبووە:

**قۆناغی یەکەم:**

قۆناغی بەر لەدایک بوون: ئەو کەسایەتیە بە سادەیی و خۆڕسک لەژیانی ژانستی و بەهایی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دادەنرێت، کەئایینی زەردەشتی گوزارشی لەو قۆناغە دەکرد، وجەختی لەسەر سێ ڕێنمایی سەرەکی دەکرد:

گوتەی چاک، بیرکردنەوەی چاک، کاری چاک

**قۆناغی دووەم:**

لەسەرەتای لەدایک بوونەوە تاکو سەرەتاکانی چەرخی بیستەم دەگرێتەوە. کە جوولەیەکی گەوهەریو ڕیشەیی لە بنیادی ئەو کەسایەتیە بەدی دەکرێت کە خاوەنی خۆیو سروشتی ڕابردووی لە بنیادی بەهایی نەبێت، بەنامۆییو مەلولی لە واقعی خۆی مایەوە

**قۆناغی سێیەم:**

قۆناغی هۆشیاری خودیو نەتەوەیی ئەو کەسایەتیە، لەدوای چەندین سەدە لەتاریکیو پاشکۆیەتیو تواندنەوە

لەگەڵ سنوورداری ئەو گۆڕانکاریە بەلام پاشماوەکانی لە پێشکەوتنی چۆنایەتی ئەو کەساسەتیەو داواکاریەکانی بۆ گەڕانەوەی ڕێز بۆ خودی داپڵۆسراوی گەورە بوو.

سەرکردە ئایینیەکان ڕۆڵی سەرەکیان بینی، (سەید عەزیز شەمزینی) ئامارە بەهۆیە دیارەکانی ئەو نووشستیە دەکات بۆ وەدیهێنانی داواکاریەکانیان لە پێش شەڕی جیهانی یەکەم و لە دوای شەڕ بەوەی کە:

١-بەئاک مانەوە (انفراد)ی کەسایەتیە ئاییەتەکان بەجوولانەوە نەتەوەییو ڕزگاریخوازەکانی کورد، بۆیە هەر بە لەدەست چوونی ئەو سەرکردانە، شۆڕشەکان هەرەسیان دەهێنا. هەروەها ناکۆکیو خۆویستی خێڵەکیو تیرەکەریو گیانی تۆڵەسەندنەوە هێزە گەلیە کوردیەکانی زۆر لاواز دەکرد، هەروەها ڕۆڵی نەرێتی هەبوو لەیەکخستنی سەرجەم کوردەکان لەژێر ئالای خەباتی نەتەوەیی یەکگرتوو.

٢-حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردی، هەڵوەستی نێونەتەوەییو هەل و مەرجی نێو دەوڵەتیان بەئەندازەی خۆی هەڵنەسەنگاند، هەروەها

فریو درابوون به سیاسەتی دەوڵەت و حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دووری هەندێك لەخێڵ و هێزە کوردیەکان لەبەشێك لەویستن و ئارەزووی حکومەتە بێگانەکان، ڕێگەی بەکوردەکان دا کە بەتاکی تەنها لە ژیانی سیاسیو ئابووری بمێننەوە بەشێوەی میرنشینی گچکەو گەورەی بەدوای یەك وەکو: میرنشینی ئەردەلان وبابان و سۆران و بادینان و بۆتان و هەکاری تاکو قەڵەمڕەوی عوسمانی دەسەلاتیان بەسەر وڵاتە ئیسلامیەکان کێشاو ئەو میرنشینانەیان لەناو برد، هانی دروست بوونی دەرەبەگایەتی گەورەو پێوەلکاو بەخۆی دا.

لەساڵی ١٨٩٨ گۆڕانکاریەکی تازە لە پێشکەوتنی هەستی نەتەوەیی کوردی هاتە کایەوە،لە ڕێگای یەکەم ڕۆژنامە بەنێوی (کوردستان)، کە بنەماڵەی بەدرخانیەکان لەقاهیرە دەریان دەکرد کە بانگەشەی سەربەخۆیی دەرکرد، ولەساڵی ١٩٠٨ کۆمەڵەی (تعالی وتەرەقی کورد) دروست بوو، ولەساڵی ١٩١٠ قوتابیانی کورد کۆمەڵەی (هێڤی) یان دامەزراندو گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) یان دەرکرد کەڕۆشنبیرە کوردەکان بابەتەکانیان دەنووسی، هەروەها چەندین کۆمەڵەیتر هاتە دامەزراندن لەوانە:

(کۆمەڵەی عەزم و قەوی) و (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانیاری کوردی) و کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد) و (کۆمەڵەی گەلی کورد). (٤: ٣٣)

شێخ عوبەیدوڵلای نەهری) کە ئەوکاتە دیارترین سەرکردەی نەتەوەیی بووەنامەیەکی ئاراستەی باڵوێزی ئینکلیزی کردووەو تێدا هاتووە:

(کورد نەتەوەیەکی جیان لە تورك و فارس و ماف سەربەخۆییان هەیە) ( ٤: ٣٢)

دەكرا لەدوای ڕێكەوتن نامەی سیڤر كوردەكان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا بەڵام هەروەكو (ئیگلتن) دەڵێ

(ئەم ڕێكەوتننامەیە هەر لەكاتی مۆركردنی بەڵگەنامەیەكی مردوو بوو چونكە دەستی كەمال ئەتاتورك مێژووی بەشێوەیەكیتر نووسی كە لەوەی بۆی كێشرابوو) (٢٧: ٣١)

هەر لەو مێژووەوە دۆزی كورد لەنێوان هەڵكشان و داكشان مایەوە، جارێكیان بەپلەیەك بەهۆی هۆكاری ناوخۆیی نووشستی دەهێنێ و جارێكی تریش بەهۆی كاریگەری دەرەكی، كە خۆی لەدەوڵەتە داگیرەكەرەكانی كوردستان بەرجەستە دەكات

ئەگەر بۆمان بكرێ جووڵانەوەی كوردی لەچوارچێوەی بەشەكانی دابەش كەین. ئەوە جووڵانەوەی كوردی لەچوارچێوەی كوردستانی باشوور، زیاتر لەپارچەكانیتر كاریگەرو یەكگرتووتر بووە دژی ئەو ڕژێمە فاشیانەی كە حوكمی كوردستانیان كردووە، بەتایبەتی دوای كودەتای كۆماری یا جووڵانەوەی كۆماری كە (عبدالكریم قاسم) پێشەوایەتی دەكرد، كوردەكان پێشوازیان لەو ڕژێمە كردو بانگەشەیان بۆ كرد، لەدەستووری كاتی هاتبوو كە عەرەب و كورد دوونەتەوەن و هەمان مافیان هەیە لەعێراق دا.

كاتێك سەركردەی كورد مەلا مستەفا بارزانی بە یەكێتی سۆڤیەت گەڕایەوە، بڕیاری بەستنی كۆنگرەیەكی گشتی كوردیدا لەبەغدا كە كوردەكانی ئێران و توركیاو عێراق تێدا ئامادەدەبن، كەئەركی داڕشتنی بەرنامەیەك بێت بۆ دەرهێنانی سەربەخۆیی و دواتر سەربەخۆیی تەواو بۆ سەرجەم كوردەكان، بەڵام ئەو ئامانجە لەگەڵ ئامانجی شیوعیەكانی عێراق ڕێك نەبوو، هەروەها (عبدالكریم قاسم) بەپیل ئەو پرۆژەی بارزانی

نەچوو . عبدالکریم قاسم) پاڵپشتی لەکورد دەکرد لەگەڵ گوشاری گەورەی کورد نەتوانێ کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەروەکو جووڵانەوەی ئەفسەرەکان (کە بەجووڵانەوەی عبدالوهاب الشواف) ناسراو لە مشوجالی ١٩٥٩

بارزانی بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان سکاڵانامەیەکی پێشکەش (بەحکومەت - وەرگێڕ) کردو تێیدا داوای سەربەخۆیی خۆیی فراوانی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراق کردبوو کە بڕە پارەیەکی زۆری داهاتەکانی پیشەسازی نەوتی ناوچەی کەرکوک - موسڵ لەکوردستان خەرج بکرێت

(قاسم) داواکاریەکەی ڕەت کردەوە

شەڕی ناوخۆیی دژی کوردەکان ڕاگەیاندو لە ١١ی ئەیلول ١٩٦١ سوپای عێراقی هێرشی خۆی بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد، تانك و فڕۆکەو تۆپخانە تێیدا بەشداریان کرد، هەرچی بکەوتایە سەر ڕێگایەوە وردو خاشیان دەکرد، دوو لەسەرسێی سوپای عێراقی بەشداری ئەو هێرشەیان کرد (١١: ٧٩)

هێرشەکە ڕووبەڕووی شکست هات و بەڵکو هێزی جووڵانەوەی کوردی لەڕووی ژمارەو چەکەوە زیاد بوو.

لەدوای ساڵی ١٩٥٨، ساڵی دەرچوونی کەسایەتی کوردی لەنێو بنکەی میللی خۆی لەچوارچێوەی فرەخێڵەکیو تیرەگەری، بۆ کۆبوونەوە لەژێر سەرکردایەتیو ڕابەرایەتیەکی یەکگرتوو کەخۆی لەکەسی (مەلا مستەفا بارزانی) بەرجەستە دەکرد.

دەرچوون لەچوارچێوەی یەکە خێڵەکیەکە جۆراو جۆرەکان لە کوردستان ئاسان نەبوو، دەرەبەگایەتی سەرەڕای خاوەندارێتی زەوی

پەیوەر، خاوەنی جووڵەبەرێش سوو. کرێبان هەناکو لەسەر شەر بەرگەکەی کە ئەمرۆ ماڵاتیان لێدەلەوەڕان دەسەپاند لەو شوێنانەی یەکەلە کشتوکاڵ دەکەن. لەدوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کوردەکان هەوڵی گەیشتن بەچارەسەرێکی ئاشتیانەی دۆزی کوردیان دا لەگەڵ دەسەڵاتی تازە. داواکارییەکانیان ئارە کە لەبیرخەرەوە نێردراوە کە هاتبوو

(جێبەجێکردنی چەندین مەرجی بەرایی و یەکسەر دان نان بەماف نەتەوەیی گەلی کورد و دیاریکردنی چارەنووس، هەروەها ئەوە پێویستە لەدەستووری کاتی تۆمار بکرێت و دواتریش لەدەستووری هەمیشەیی، ڕاگەیاندنی لێبووردنی گشتی بۆ هەموو ئەوانەی کە بەهۆی پەیوەندیان بەجووڵانەوەی نیشتمانی کوردەوە بەندکراون و گەڕاندنەوەی هەموو ئەوانەی دەرکراون لە دامەزراوەکانی حکومەت بۆ پایەی خۆیان، هەڵگرتنی ئابڵووقەی ئابووری لەسەر کوردستان و کشانەوەی هێزەکانی حکومەت لەکوردستان بۆ ڕەخساندنی کەشێک لەتێگەیشتن و دڵنیایی هەروەها بیرخەرەوەکە ئاماژەی بۆ پێویستی دیاریکردنی جوگرافیای کوردستان و دامەزراندنی ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردنی نەتەوەیی کوردی کرد، هەمدیسان بیرخەرەوەکە داواکارییە یاساییەکانی گەلی کوردی لەبواری ئابووری و کەلتووری لە خۆ گرتبوو، هەروەها لەو کاتەی بیرخەرەوەکە داوای دامەزراندنی سوپای نیشتمانی کوردی و کردنەوەی قوتابخانەی سەربازی لەناوچەی کوردستان دەکات، بیرخەرەوەکە ئاماژە بەچڵەوکێری حکومەتی ناوەندی بۆ سیاسەتی دەرکی و پەیوەندی ئابووری دەرکی وڵات دەکات) (١٢: ٢٧٦-٢٧٧) (١١: ٩٠-٩٣)

وەڵامی حکومەتی بەعس بۆ ئەو داواکاریانە وەڵامێکی خوێناوی بوو لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ئاگری تەقە هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە. زۆر لە هاوڵاتیان گیران و دوکانەکان تاڵانکران و زۆر لە شارنشینەکان سەربڕان. بەعسیەکان چەندین چەکی قڕکەریان بەکار هێنا. ئاپالۆ. تەقینەوەی میکانیزمی. تانک، تۆپی قورس تاد

لەدوای ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣: ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئامێری بڵندگۆی لەسەر بوو لە جادەکانی سلێمانی دەسووڕایەوەو ڕایگەیاند تەقە لە هەموو هاوڵاتیەک دەکرێت، ئەگەر لە ماڵەکەی دەرچێت. دواتر تەقە لە کلاشینکۆفەکان هات و هێزەکانی حکومەت شارەکەیان داگیر کرد کە هەر لە بەیانییەوە گەمارۆ درابوو. هێزەکانی حکومەت هەڵسان بە پشکنینی ماڵەکان و. وورد و خاشکردنی ئەوەی تێدایە، توندو تیژ رەفتار کردن لەگەڵ دانیشتوان. ئازاردانی منداڵ و ئافرەتان و گرتنی ئەو پیاوانەی کە توانای هەڵگرتنی چەکیان هەیەو دەست درێژکردنە سەر ناموسی ئافرەتە گەنجەکان لەبەرچاوی پیاوە قۆڵ بەستراوەکان. گرتنی پێنج هەزار کەس. لە سەربازگەی (حامیە) چاودێری زیاتر بوو. سلێمانی وەکو کەوڵخانەیەکی سەربڕینەوەی خوێناوی لێ هاتبوو. سەربازەکانی سەربە حکومەت تەرمەکانیان بە بلدۆزەر هەڵدەگرت و فڕێیان دەدا نێو ئەو چاڵانەی کە چەند کیلۆمەترێک لە شارەوە دوور بوون. کوشتنی (٢٧٦) کەس هەروەها لە نێو گیراوەکان (٨٥) کەسیان بەبێ دادگایی کردن کوشت. هەروەها هەمان کاری تیرۆرو داپلۆسین گوندە نزیکەکانی سلێمانی گرتبۆوە. جووتیارەکانی گوندی (ئۆراجیل) بە خەبەر هاتن لە ترچەی سووتاندنی ماڵەکانیان. ئەوەی توانی رابکات لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە تەقەی لێ دەکرا. (١١: ١١٠)

ئەو هەلمەتەی قەلاچۆکردنی گەلی کورد هەر تەنها لەلایەن سوپاکانی داگیرکەری بەعسەوە ئەنجام نەدەدرا بەڵکو بەیارمەتی بەکرێیەوە لەلایەن تورکیاو ئێران و سووریاو پاکستانیش، ئەوانیش ئەندام بوون لە پەیمانی سەنتۆ . جارێکی تریش جوڵانەوەی کورد لەو جەنگە زیاتر بەهێزتر هاتەدەرەوە . بەرادەیەک سەرجەم وڵاتانی دەوروبەری دەوڵەتە کۆیەکانی خاوەن بەرژەوەندی لەناوچەکە هەراسان کردبوو

بارەکە لەسەردەمی حکومەتی (عبدالسلام عارف) لەدوای هەرەسهێنانی حوکمی بەعسیەکان ئاشکرا نەبوو، عبدالسلام دەستوورێکی تازەی ڕاگەیاند، بارزانی بەئارەزووی دان نان بەمافەکانی گەلی کورد نەبینیەوە چوو بۆی ڕوون کردەوە کە پیاوی ئاشتییە و ڕاگەیاندو گوتی

(ئێمە هەلوێستمان ڕوونە بەدادپەروەرانەی دادەنێین، ئێمە شەرمان ناوێ دەست پێشکەریش نابین بەڵام بەردەوام دەبین لەپالپشتی بەڕێوەبردنی خۆمان و پتەوکردنی ئیدارەکەمان، ئەگەر هێرشمان کرایە سەر ئەوە بەهەمان ئەندازە بەرگری لەخۆمان دەکەین لەو کاتەی عبدالکریم قاسم و بەعس هێرشیان کردە سەر، ئێمە هیچ گومانێکمان لەدەرئەنجامی خەباتەکەمان نیە لەپێناو سەربەستی) (١٢ ، ٢٨٣)

---

* پەیمانی سەنتۆ (بەغدا) لەساڵی ١٩٥٥ هاتە دامەزراندن کە پێک هاتبوو لەئێران و تورکیاو عێراق و پاکستان و بەریتانیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئامانجی سەرەکی ئەم پەیمانە ڕێگەگرتن بوو لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم بێجگە لە پەککەستنی هەلوێست و توانا لەسەر کوتکردنی هەرچی بەرهەلستکاری ناوخۆیی بوو بۆ ئەم ڕژێمانە، لەساڵی ١٩٥٨ دوای گۆڕینی دەسەلات لە عێراق سەرۆکی عێراق عبدالکریم قاسم دەستی کشانەوەی وڵاتەکەی ڕاگەیاند لەم پەیمانە. بەڵام سووریا ئەندام نەبووە لەم پەیمانە بەڵام هەموو جۆرە هاریکاری و یارمەتیەکی پێشکەش عێراق دەکرد بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردستانی باشووری عێراق، هەروەک چۆن لیوای (یرموک) نارد بەسەرکردایەتی (فهد الشاعر) بۆ کپ کردنی شۆڕشی ئەیلول.

(وەرگێڕ)

بەڵام ئەو دەستوورەی کە عەبدولسەلام ڕایگەیاند ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ دەستووری ساڵی ١٩٥٨، هەنگاوێک بووە بەرەو دواوە، لەگەڵ ئەوەی جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی سۆسیالیستی (الاتحاد العربي الاشتراكي) تاکە ڕێکخراوی سیاسی وڵات، بەکردەوە گەلی کوردی لە ژیانی سیاسی دوورخستەوە. لەساڵی ١٩٦٦ شەڕ سەر لەنوێ دەستی پێکردەوە، وسەرجەم چەکەکانی تیا بەکار هێنرا بۆ لەناوبردنی جووڵانەوەی کوردی، بێ سڵ کردنەوە چەپەڵترین ئامرازە نامرۆڤایەتییەکانیان بەکار هێنا لەوانە ژەهراویکردنی سەرچاوەکانی ئاو و ڕووبارەکانەوە، بەرەڵاکردنی مشکی ژەهراوی لەناوچە کوردییەکان (٢٩، ٥٩)

ئەم هێرشەش هەمدیسان ڕووبەڕووی شکست هات، لەبەرواری ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق لە ڕێگای ئەنجومەنەوە شاگر بەعس و دانیشیان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد لەچوارچێوەی نامەرکەزی ڕاگەیاند (٢٤، ٢٦٧)

بەڵام ڕێککەوتنامەی ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٦ تەنها مۆرەکەی لەسەر کاغەز مایەوە

ئاوەها (دەستەڵاتدارەکانی - وەرگێڕ) بەغدا سەرلەنوێ هەوڵی قەڵپ کردن و دەست پێکردنەوەی شەڕیان دا. (دکتۆر عبدالرحمن قاسملو) لە بارەی ئەو ماوەیە دەڵێت:

(هەل و مەرجی خەباتی نێوخۆیی لەکوردستان زیاد لە هەموو کاتێکی تر لەبارتر بوو. دەرئەنجامی خەباتی درێژ خایەن و نووشستی و ئاستەنگەکان یەکێتییەکی بێ وێنەی گەلی کورد هاتە پێش بوون کە دەستەبەرێکی نەگۆڕ بوو بۆ سەرکەوتنی کۆتایی پێک دەهێنا) (١٢، ٢٩٤)

لەبەهاری ١٩٦٩ شەڕی دووەمی حزبی بەعس دەستی پێ کردەوە کە ئەمجارەیان کەمتر خوێناوی و دڕندانە تر بوو. بەبۆردومانکردن و کاولکردنی شارو گوندەکان و ئازارو سوکایەتیکردن بەهاولاتیانی کورد ئەوەستا. ئەوەی لەڕووداوەکانی ئەو شەڕەی بەعس بیردێتەوە، لە ئابی ١٩٦٩ لەگوندی (کرکان) لەناوچەی شێخان هێزەکانی عێراقی سکی (٦٧) ئافرەتیان هەڵبڕی، ئەوان خۆیان لەئەشکەوتێک شاردبۆوە لە(سۆرایا) کە سێ کاتژمێر بەرۆیشتنی پێ لەزاخۆ دوورە. ئەفسەرێکی عێراقی خەڵکی گوندەکەی لە باخێک کۆکردەوە. دانیشتوانەکەی وایان زانی گوتاریان بۆ دەدا، بەڵام ڕووی ئاگری ڕەشاشەکانی تێکردن و هەمووی هاڕین، لەئەنجامدا (٥٣) کەس کوژراو ژمارەیەکی ئادیار بریندار بوون. (٢٤: ٢٧٦)

بارزانی لەئۆکتۆبەری ١٩٦٩ یادەوەرییەکی دایە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (U.N) سکاڵای لەو شەڕە ڕەگەز پەرستیە کرد کە دەسەڵاتدارە بەعسیەکان دژی گەلی کورد بەرپایان کردووەو تێدا فەرمانڕەوا بەعسیەکانی تاونبار کردبوو بۆ هەوڵی لەنێوبردنی گەلی کوردو قڕکردنی تەواوی وەکو گەلێک کە کۆششی هێشتنەوەی زمان و کەلتوورو بوونی نەتەوەیی یە.

ئەو بەرهەڵستیە توندو وورەدەی کە گەلی کورد نیشانیدا، دەسەڵاتداری بەعسیەکانی ناچارکرد داوای گفتوگۆ بکەن کە بەیاننامەی ئادار لێکەوتەوە، لەنێو ئەوانەی ئامارەی پێکرابوو هەموارکردنی دەستووری کاتی عێراق بەشێوەیەک تێدا هاتبێ کە گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێک دێت ئەوانیش نەتەوەی کوردو نەتەوەی عەرەب، ئەوەش هاوتایی لەهەموو مافە ڕەواکانی ئەو دووگەلە لە یەکسانی دەگەیەنێت، بەلام هەروەکو (کریس کوچێرا) دەڵێ:

لە ١١ی ئادار مەبەستەکی سەرەکی هەبوو کە خۆی لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی ئەو ڕێککەوتنامە دەدزییەوە (٢٤، ٢٥٨).

ئەوەی لە جیابوونەوەی ئادار هاتە ئەوەبوو پێشان بە دەرچوونی یاسانامەی کوردەو ناسەرەنەدنی ڕێککەوتنی سنیەکان و چەند تەقەلایەکی تەقینەوە ئەنجامدرا کە مەبەست لێی جگە لە کات بردنەوە سەر و عەباسە وەرگرتنی ئەوەو سازانی پلانی خۆیی هێنەوەلەتی کە بەعس گوشاری جێبەجێکردنی دەکرد بۆ ماڵەوەی جوولانەوەی کوردەو لەناو بردنی چەکدار بەبوو.

بەعس هەروەستی سەرەکی خۆی ڕاگەیاندە لەبەرامبەر دۆزی گەلی کورد هەر لەناسەرەدەمەدا ئالیکە کوردەی وەکو ئەمەیە کە لەخاکی عەرەبی دەژی دا بەتا لەڕێگای دەزگای کاروباری باکوور (مکتب شؤون الشمال) لەساڵی ١٩٦٨ شۆڤینیە عەرەبەکان ئامارەیان کرد کە حکومەتی بەعس دان بەکوردستان دا نانی، بەڵکو ئەوەی دەگوترێت (باکووری خۆشەویست) پارچەیەکە لە نیشتمانی عەرەبی، بەعس دەستی بەهەڵگیرساندنی شەڕی سێیەمی کرد دژی کورد لە ئاداری ١٩٧٤ کە چەند گۆڕانکارییەک ڕێگەی بۆ خۆش کرد.

زیادبوونی قەڵەمڕەوی بەعس لەدەسەڵات کە خۆی لە باڵی (احمد حسن البکر)و (صدام حسین) دەنواند بەسەر تاقمی (ناظم گزار) و (عبدالخالق السامرائی) و زیاد بوونی داهاتی نەوتی کە ڕێگەی بەبەعسیەکاندا دەسەڵاتی سەربازی و کارگێڕی خۆیان بەهێز بکەن، لەمە بێجگە لەو پاڵپشتیەی کە لە لایەن وڵاتە گەورەکانی وەکو یەکێتی سۆڤیەت (پێشوو)یدەکرا، لەو بوارەشدا لەبەر ئەوەی حزبە شیوعیەکانی جیهانی سێیەم کلک و پاشکۆی سۆڤیەت بوون، لەوانە حزبی شیوعی عێراقی، بۆیە لەپاڵ بەعسیەکان دژی جوولانەوەی کورد وەستان.

دوای ماوەیەکیش ڕێککەوتننامەی جەزائیر هات (پشتی هوشیاری شکاند هەر وەکو لە پەندەکە هاتووە) بۆ ئەوەی ڕادەی کۆتایی بۆ جووڵانەوەی کوردی دابنێت بۆ ئەو کاتی دیاریکراو لە مانگی ئاداری ١٩٧٥، بارزانی هیچ ڕێگایەک نەما نەیگرێتە بەر بۆ ڕزگارکردنی ئەو جووڵانەوەیە لە لەنێو بردن و کاولکاری چ لەگەڵ ئێران یا ئەمریکا و فەرەنسا بەلام بێ سوودە بوو چونکە بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا ئەرازووەکە هاوسەنگ نەبوو

نووسەری بەرمەندی میسر(محمد حسنین هیکل) لە کاتی بەیەکەوە دانیشتنیان لەگەڵ بارزانی پەیامێکی پێدەدا کە تێیدا هاتبوو

(ڕۆڵی من کۆتای هات، بەڵام مەحاڵە کۆتایی بەبوونی کوردەی بهێنێت- ورامەری نوێ لە دڵی گەل کورد دەردەکەون) (٢٤ ٣٢٤)

ناتوانرێت ئەنجامی هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول ١٩٧٥ بخرێتە ئەستۆی کەسێک یا دووکەس، بەڵکو چەندین هۆکاری هاوبەش ڕۆڵیان بینی کە دەکرێ لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

**یەکەم: هۆکاری دەرەکی**

مەبەستمان لێی. نەگونجاندنی هەل و مەرجی نێو دەوڵەتی لە سایەی هاوسەنگی ستراتیژی نێوان دوو بلۆك و لەسایەی پاڵپشتی و باربووکردنی ڕژێمە دکتاتۆریەکانی جیهانی سێیەم لەلایەنی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان

**دووەم: کەرتبوونی جووڵانەوەی کوردی،** وای لە ڕژێمە کۆلۆنیالە داگیرکەرەکانی کوردستان کرد سوود لەهێزی بزوێنەری هەر پارچەیەک دژی پارچەیەکی‌تر وەرگرێ یا بەیەکخستنی سیاسەتە هەرێمایەتیەکان بۆ لێدانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازەکانی کورد لە هەرجێگایەک کە بەهێز بێت.

سێیەم: لەبوونی لەمپەرەکانی ڕاگەیاندنو گەیاندنی پێشکەوتوو.

چوارەم: هۆکاری کۆمەلایەتی جیاجیا

لەدوای ساڵی ١٩٧٥ پێشبینی (مارڕاتی) وەدیهات و جووڵانەوەی کوردی بەتوندی هەرەسهێنا بوو، وحزبی نوێ دامەزراو سەرکردەی نوێ دەرکەوتن. هەریەکێکیان هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسیو حزبیان دا لەپرۆسەی خەباتی خوێناوی دژی دەسەڵاتدارە شۆڤێنیەکانی بەغدا.

کارێکی سروشتی بوو بەتایبەت بۆ چوونی جۆراوجۆر مامەڵە لەگەڵ دەسەڵات و دانانی بەرنامەو ئامانجی هەنووکەیی و ئایندەیی بۆ جووڵانەوەی کوردی. ئەمیش لەڕوانگەی کۆمەڵە ڕەنگدانەوەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی کە دەبوو بکرایە ئەوانیش:

١- ڕادەی هەڵسەنگاندن و بێدەنگی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر لەنێوبردنی کوردو پاڵپشتی دەوڵەتە گەورەکان بۆ دەوڵەتە هەرێمایەتیەکان لەسیاسەتە شۆڤێنیەکانیان

٢-هۆکارە بنیادگەرییەکان و نووشوستی جووڵانەوەی بارزانی

٣-ڕادەی تێگەیشتنی پێکهاتەی ئابووریو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی

٤-ویست و ئارەزووە کەسیەکان و ویستی دەرکەوتن وەکو جێگرەوەیەک کەسایەتی کوردی کەسایەتیەکی دینامیکی گۆڕاوە، توانای لەخۆگرتنی گۆڕانەکانی دەوروبەری هەیە، هەروەها مێژوو سەلماندوویەتی کاتێک باوەڕ بەئاراستەیەک یا جووڵانەوەیەک دەکەیت بەتوندیەوە پەیوەست دەبێ پێوە. لێرەوە ئامانە باشی بنیاد گەری وەردەگیرێت بۆ وەرگرتنی شارستانی نوێو چوونە پاڵ نەتەوە پێشکەوتووەکان. بەڵام هەموو ئەمانە لەباری ڕەخساندنی زەمینە دروست دەبێت.

پەروەردەی کۆمەڵایەتی کەسایەتی سیستەمی کۆلۆنیاڵ لە کوردستان کەسایەتی کوردی شێواندووەو خەسڵەتێکی جووت چوارچێوەی سەقامگیری بەشێکی لاواز وەک ناوەڕۆکی بەخۆیەوە بەستووە، هەروەها بێ بەش بووە پەیوەندیکردنی بەجیهانی دەرەکیو ناوخۆکە بوون لەگەڵی، کردوویەتیە کەسایەتییەکانی چەقبەستی

بەئەندازەی ئامۆزی کەسایەتی کوردی لە واقیعەکەیو هەستکردنی بەستەم و چەوساندنەوە، بەهەمان شێوازە پەنای بۆ بیرکردنەوەی ئەفسانەییو غەیبیو پابەند بوون بەهەموو داب و نەریتی دواکەوتوو، و پتەوکردنی پەیوەندییە خێڵەکییەکان بردووە. ئەوەش بەڕۆڵی خۆی بوتە هۆی حالەتەکانی رەزامەندییو مل کەچی بۆ سەرجەم کێشەکانی ژیانی رۆژانە

لەسایەی نەبوونی دامەزراوەکانی پەروەردەییو کەلتووری نەتەوەیی کوردییو پەلاماری کەلتووری بێگانە(الغزو الثقافي الاجنبي) وسیاسەتی کۆلۆنیاڵ بووە بەربەست لەبەردەم ئەو کۆمەڵگەیە بەکردەوە. کەسایەتی کوردی یەک خستوو دوای خست لەجێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوەییو مرۆییەکانی لەپێشکەوتن و بنیادنان

کۆلۆنیالەکان و لایەنگرەکانیان بەزۆری جوولانەوە کوردییە نیشتمانییەکان و رۆشنبیرە نەتەوەییەکانیان، بە کۆنە پەرست یا زایۆنیزم یا رەگەز پەرست یا ئیمپریالیزم تاوانبار دەکرد، لەبەر هیچ نا هەر تەنها ئەوە نەبێ کە داوای ماڧ خۆیان کردووە لەدروستکردنی دەوڵەتێک بۆ خۆیان و لەسەر خاکی خۆیان.

کۆمەڵگەی کورد رۆژێک لەرۆژان دژی ئایین نەبووە، بەتایبەتی ئایینی ئیسلامی کە بەچاکترین رۆڵەو زاناکانی بەرگریو پاڵپشتی

تێکنەداوە. هەروەها ڕۆژێک دژی هیچ جۆرە دژایەتییەکی ڕاستەقینە نەبووە لەگەڵ داگیرکەرەکانی عەرەب و فارس و تورکدا. بەبەردەوامی گەلێکی ئاشتیخواز بووە. هیچ ڕۆژێکیش هێرشی نەبردۆتە سەر هیچ گەلێک و پێڕەوی تێکدەرانەی نەکردووە. بەڵکو بەپێچەوانەوە بەدرێژایی سەدەکان ڕووبەڕووی داگیرکردن و کاولکاری بۆتەوە. وەسادەیی و دڵسۆزییەکەی (کوردیەتی- وەرگێڕ) بۆ سوودی خۆیان بەکار هێناوە

لەدوای ساڵی ١٩٨٨ کەسایەتی کوردی زیاتر بەرەو واقیعیەت چووە لە بواری سیاسی کە بەم ڕووداوانەی خوارەوە جیادەکرێتەوە

١- ڕوودانی تیۆری لەسەرانسەر کێشەی ڕووداوەکانی دەوروبەری بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە (قەیرانی نەتەوەیی) هەیە

٢- مامەڵەکردنی ژیر بیرانە (لۆژیکانە) لەگەڵ ئەو تیۆرییەکان لەسەر دۆزی کوردی و پەیڕەوکردن لە دیپلۆماسی و لێزانی سیاسی لە مامەڵەکردنی نێو دەوڵەتی. ئەوەش سنورێکی بۆ چەمکی (هێز) دانا وەکو تاکە ئامرازی خەباتکردن لەچەرخی نوێ

٣- دەرچوون لە پابەندی خێڵەکی بۆ پابەندی نەتەوەیی و هزری.

٤- تێگەیشتنی دینامیکی بزاڤی نێو دەوڵەتی کە خۆی لە سیاسەتی هێزو بەرژەوەندییەکان دەنوێنێ

## پوختە

کەسایەتی کوردی لە ژیان پاڵپێوەنراوە نەوەک بەگوێرەی ئەو ویست و ئارەزووە سروشتییەی کە لە ناخییەوە بانگ دەخواتەوە، بەڵکو بەگوێرەی بابەت وبەها داسەپاوەکان.

لەڕەوتی نێوان ئەو هێزە پاڵنەرەی کە پەیڕەوگە سروشتییەکانی ئەو کەسایەتیە پێک دەهێنێت و بەگوێرەی دەوروبەری جوگرافی کە هۆکارێکی بەرەڵاکردنی ئەو پەیڕەوگە (نزعة)یەو نێوان هێزی بەربەست کە چەشنی

بەھەر جێگانە جێگی ھێشتاوە کەسایەتی زۆرلێ کەوتنە دوو، ھەڵبەتە بەشێکی لێ پچڕ ھێشتاوە لەکەشی مەحوی شۆڕشەکان لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردی وەکو ئەوەی لەجوڵەی ئەزموونەکان بووینەوە و کەوتنە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەری کۆلۆنیالی کەسایەتی کوردی دووچاری چەرمەسەری بوو

١- دابڕانی لەنێو چوارچێوە یا رەھەندە فرەیە دیاریکراوەکان، کە پێوەی پۆلەکانی کۆمەڵگەکەمان پێک دەھێنێت

٢- گەنجەتییە زۆرانییە دووکەسایەتی (ازدواج الشخصية) و وەرگرتنی (انتقالية) کەلتورێکە پۆشتەییەکان پێک دەھێنێت

بۆ دروست کردنی کەسایەتی ھاوچەرخ لەدووبەرەوەدێتە کایەوە یەکەمیان: بەکارکردنی ئاگا لە ھۆکارەکانی پێکھێنی دەرەکی، دواتر داڕانی پێوەرەکان و بەھاکان و سەرجەم بنیاتە فرەییەکان کە لەرابردوو بەسەری دا سەپاوە. بخرێتە ژێر پرسیارەوە

دووەمیان: گۆڕینی بنیاتەکانی کۆمەڵگەی کۆن

کێشەی مرۆڤی ئێمە دەرەکو بەپلەی سەرەکی لەنەبوونی بلێکەیەکی تەکنەلۆژی یە بۆ نموونە. یا نەرەخساندنی بلێکەی ئابووری پێشکەوتووبووە. بەڵکو لەنامۆبوونی درێژ بووە لەواقیعی و نەرەخساندنی ھەل بۆ دەربازبوون لە نەخۆشییە زەینییەکان کە کۆسپ بووە لەبەردەمی بووە ھۆی وەدیھێنانی خودی خۆی و پەیڕەوکردنی سەربەستی.

ھەر گۆڕانکارییەک لەواقیعی ژیانی سیاسی بەشی سەرکەوتن نابێت تەنھا بەگۆڕینی واقیعی ژیانی ھزری نەبێت.

ئەو بەھا نەریتیانەی کە کۆبوونەوە لە ناخی مرۆڤی کوردەی بەدرێژایی سەدان ساڵ لە دواکەوتن و کۆلۆنیالی چەوساندنەوەی

ئەفەرمیرو چیناییەتی و ئەرێکای کاڵبکەوونی بەهاکان و داب و نەریتە
ئاینی و سەنتەکارەکان، ناتوانرێت بەهای ئەرێنی شوێنیان بگرنەوە
بەهای گۆڕان و پێشکەوتن، تەنها لە رێگای خەباتی بەکردەوە،
یەکێتی و هەوای سەربەخۆو دیموکراسی نابێت

بنیادی کۆمەڵگای نوێو پێشکەوتوو. کارێکە پێویستی بە کۆششی
بێ وچان و بەردەوام هەیە و دەوەستێتە سەر تێگەیشتنی ئەو
رەهەندانەی کە رووبەڕووی جیهانی هاوچەرخ بۆتەوە، بەتایبەتی ئەو
بەرگەدانەی کە ئاکامێکی نوێیە جگە لە مێشکیان هیچ سەرمایەکی
جێگیریان نەبوو

هۆش بەسەرەوە پێویستی گۆڕانکاری، کەسایەتی کوردەی بەدرێژایی
مێژوو سەقامگیرییەتی کە ئەو ویستەی هەیە، بەڵام ئەو ویستە ئاپەڵە
جێبەجێکردن بەبێ بەردەوام بوونی هۆکارەکانی
عەلمانیەت و سیستەمێکی دیموکراسی سەربەخۆ

# سەرچاوەكان


١- احمد صادق سعد - صفحات دراسات في النمط الانتاج الاسيوي - دار الحداثة بيروت. ١٩٨٦

٢- بيخوفيسكي - الفرد والمجتمع، معهد الانماء العربي، بيروت، الطبعة الاولى ١٩٨٠

٣- بيتروسكي - العوالم الثلاث - ترجمة صلاح الدين سعدالله ج١ دار الشؤون الثقافية العامة ١٩٨٧

٤- جمال نبز - حول المشكلة الكردية - المانيا الغربية - مطابع الاتحاد القومي لطلبة الكرد في اوروبا ١٩٦٩

٥- جرجيس جبرائيل عوصي - القوميات العراقية ماضيها وحاضرها - بغداد - مطبعة الارشاد، ١٩٥٩

٦- جەلیلی جەلیل - كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی دكتۆر كاوس قەفتان، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ١٩٨٧

٧- ر. بودون ف. بوريكو - المعجم النقدي لعلم الاجتماع ترجمة دكتور سليم حداد - المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والطبع، بيروت، الطبعة الاولى ١٩٨٦

٨- رايت ميلز - الخيال السوسيولوجي - ترجمة د صالح جواد كاظم، دار الشؤون الثقافية العامة

٩- رمبو - الاكراد - دمشق ١٩٦٩

١٠- د. سامي خرطبيل - الوجود والقيمة - دار الطليعة، بيروت، الطبعة الاولى ١٩٧٦.

١١- ش. ع اشريان - الحركة الوطنية الديمقراطية في كردستان العراق ١٩٦١-١٩٦٨، ترجمة ولاتو، بيروت، دار الكتاب ١٩٧٢

١٢- عبدالرحمن قاسملو - كردستان والاكراد، بيروت، ترجمة ثابت منصور - الطبعة الاولى ١٩٨٥

١٣- علي كمال - الجنس والنفس في الحياة الانسانية، دار الواسط لندن، الطبعة الاولى ١٩٨٥

١٤- تومابوا - مع الاكراد - ترجمة اواز زنكنه - مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥

١٥- د. فاضل عبدالواحد و د. عامر سليمان - عادات وتقاليد الشعوب القديمة، بغداد، ١٩٧٩

١٦- فوزية دياب- القيم والعادات الاجتماعية. دار النهضة العربية للطباعة والنشر بيروت. الطبعة الثانية ١٩٨٠
١٧-قيس نوري- الحضارة والشخصية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ١٩٨٠
١٨-قيس نوري- طبيعة المجتمع البشري. مطبعة الاداب ، النجف. ج١، ١٩٧٢
١٩-منذر الموصلي- عرب واكراد، دار الغصون. بيروت، الطبعة الاولى ١٩٨٩
٢٠-ماجد عبدالرضا- القضية القومية الكردية بغداد منشورات الطريق الجديد الطبعة الاولى،١٩٧٥
٢١-محمد سعيد فرج- البناء الاجتماعي والشخصية ، دار الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٠
٢٢-مصطفى الحضاري – التخلف الاجتماعي ، معهد الانماء العربي، الطبعة الاولى ١٩٧٦
٢٣-عادل العوا- القيمة الاخلاقية – مطبعة الجامعة دمشق ١٩٦٠
٢٤-كريس كوجيرا- الحركة القومية الكردية، منشورات فلاماريون. ترجمة عن الفرنسية، باريس
٢٥-ليفي بروهل - علم اجتماع المعرفة، دار الطليعة ،بيروت
٢٦-ليفي بروهل- العقلية البدائية، ترجمة دكتور محمد القصاب، مكتبة مصر
٢٧-وليم ايغلتن الابن- جمهورية مهاباد، ترجمة جرجيس فتح الله المحامي، دار الطليعة والنشر. الطبعة الاولى،١٩٧٢.
٢٨-يوسف نور العوض- نقد العقل المتخلف، دار العلم، بيروت،١٩٨٥.
٢٩-هانس هاوزر- كردستان مصير الشعب- ترجمة حسام الشهواني، مديرية البحوث والاحصاء.
٣٠-دينكن ميشيل- معجم علم الاجتماع، ترجمة احسان محمد الحسن ، دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨٠.
٣١-مجلة السياسة الدولية، العدد(٦٧) التاريخ ١٩٧٢.
٣٢-جريدة (خهبات) الاعداد (١٩٦٠)
33-Margret Kehn – chldren of the Jinn , Newyourk – seaview boot ,1980.
٣٤- عبدالله اوجلان- مسالة الشخصية في كردستان، منشورات حزب العمال الكردستاني.

توێژەر لەو
توێژینەوەیەدا هەوڵی
داوە دیاردە
کۆمەڵایەتییەکان
بەدیدێکی عەقڵانی
ئاوتۆپیکات بەمەبەستی
سەرلەنوێ
دروستکردنەوەی
کەسایەتی
کوردی : کەسایەتییەکی
تایبەت و تەواو خاوەن
ناسنامەی نەتەوەیی و
گۆڕینی پەیوەندی
مرۆڤی کورد لەڕەهەندی
ئاینی و غەیبی بۆ
واقیعی بابەتی و
ماددی و علمانی
کەدروستکراوی مرۆڤەو
دوورە لەغەیبیاتیەت و
پاشکۆیەتی و
داگیرکردن.

# The Kurdish National personality

## A study of Values and Politics

By
Salah Hawramany
Translated , Foot-noted and Prefaced to by
Hazhar M.H. Kamala